# Kurdish, Central: Bible for Mark

Formatted for Translators



generated on Wed Jul 9 14:57:49 2025

©2022 Wycliffe Associates
Released under a Creative Commons Attribution-ShareAlike 4.0 International License.

Bible Text: The English Unlocked Literal Bible (ULB)
©2017 Wycliffe Associates
Available at https://bibleineverylanguage.org/translations
The English Unlocked Literal Bible is based on the unfoldingWord® Literal Text, CC BY-SA 4.0. The original work of the unfoldingWord® Literal Text is available at https://unfoldingword.bible/ult/.
The ULB is licensed under the Creative Commons Attribution-ShareAlike 4.0 International License.

Notes: English ULB Translation Notes
©2017 Wycliffe Associates
Available at https://bibleineverylanguage.org/translations
The English ULB Translation Notes is based on the unfoldingWord translationNotes, under CC BY-SA 4.0. The original unfoldingWord work is available at https://unfoldingword.bible/utn.
The ULB Notes is licensed under the Creative Commons Attribution-ShareAlike 4.0 International License.

To view a copy of the CC BY-SA 4.0 license visit http://creativecommons.org/licenses/by-sa/4.0/

Below is a human-readable summary of (and not a substitute for) the license.
You are free to:
Share — copy and redistribute the material in any medium or format. Adapt — remix, transform, and build upon the material for any purpose, even commercially.
The licensor cannot revoke these freedoms as long as you follow the license terms.
Under the following conditions:
Attribution — You must attribute the work as follows: "Original work available at https://BibleInEveryLanguage.org." Attribution statements in derivative works should not in any way suggest that we endorse you or your use of this work. ShareAlike — If you remix, transform, or build upon the material, you must distribute your contributions under the same license as the original. No additional restrictions — You may not apply legal terms or technological measures that legally restrict others from doing anything the license permits.

Notices:
You do not have to comply with the license for elements of the material in the public domain or where your use is permitted by an applicable exception or limitation.
No warranties are given. The license may not give you all of the permissions necessary for your intended use. For example, other rights such as publicity, privacy, or moral rights may limit how you use the material.

## 1

1ئەمە سەرەتای مزگێنی یەشوای مەسیحی ڕۆڵەی خودایە: 2هەروەک چۆن لە پەرتوکی ئیشایا نوسراوە : « من نێردراوی خۆم لە پێشتەوە
دەنێرم ئەوەی ڕێگات بۆ ئامادە دەکات؛ 3کەسێک لە چۆڵەوانی بانگەواز دەکات: ڕێگا بۆ هاتنی پەروەردگار ئامادە بکەن، ڕێچکەکانی بۆ
ڕێکبخەن!» 4 یۆخەنانی لە ئاوهەڵکێش لە بیاباندا دەرکەوت بانگی بۆ لەئاوهەڵکێشان دەکرد بۆ لێخۆشبون و پاشگەزبوونەوە لە گۆناهەکانیان.
5خەڵکی هەموو گوندەکانی یەهودیا و هەموو یۆرشەلایم دەهاتنە لای، دانیان بە گوناهەکانیاندا دەنا و لەسەر دەستی ئەو لە ڕوباری ئەردەن لە ئاو
هەڵدەکێشران. 6یۆخەنان ئەو جلوبەرگەی لە بەری دەکرد لە موی وشتر بوو، پشتنێکی چەرمیشی لە ناو قەدی دەبەست، کولە و هەنگوینی کێوی
دەخوارد.7ئامۆژگاری دەکردن و دەیگوت: « لەدوای من کەسێک دێت زۆر لە من بەتواناترە، تەنانەت من شایەنی ئەوە نیم دابنەوێمەوە قەیتانی
پێڵاوەکانی بۆ بکەمەوە. 8من لە ئاوتان هەڵدەکێشم؛ بەڵام ئەو لە گیانی پیرۆزتان هەڵدەکێشێت».9لەو ڕۆژانەدا یەشوا لە ناسیرەوە هات کە سەر
بە ناوچەی گەلیلییە، لە ڕوباری ئەردەن لەسەردەستی یۆخەنان لە ئاو هەڵکێشرا. 10هەرکە یەشوا لە ئاوەکە هاتە دەرەوە، بینی ئاسمان کرایەوە،
گیانی پیرۆز هەروەک کۆترێک دابەزیە سەری، 11دەنگێکیش لە ئاسمانەکانەوە هات:« تۆ ڕۆڵەی خۆشەویستی منی بە تۆ زۆر خۆشحاڵم!»12لەو
کاتەدا گیان یەشوای برد بۆ چۆڵەوانی، 13چل ڕۆژ لەوێ مایەوە شەیتان لەوێ تاقی دەکردەوە. لەو کاتەدا کە لە ناو گیانلەبەراندا بوو فریشتەکان
خزمەتیان دەکرد.14دوای دەستگیرکردنی یۆخەنان، یەشوا هاتە ناوچەی گەلیلی، و مزگێنی خودای ڕاگەیاند دەی فەرموو: 15« کاتەکە هاتۆتە دی و
پاشایەتی خودا نزیک بۆتەوە. پاشگەز ببنەوە باوەڕ بەم مزگێنیە بهێنن!»16کاتیک یەشوا بە کەناری دەریاچەی گەلیلیدا دەرۆیشت، شیمۆن و
ئاندریای برای بینی، توڕیان فڕێدەدایە ناو دەریاچەکە، چونکە ڕاوچی بوون. 17یەشوا پێی فەرموون: « وەرن شوینم بکەون، دەتانکەمە ڕاوکەری
مرۆڤ!» 18دەستبەجێ تۆڕەکانیان بەجێهێشت و شوێنی کەوتن.19ئینجا کەمێک دورکەوتەوە، یاکۆڤی برای زەڤدی و یۆخەنای برای بینی لە ناو
بەلەمێکدا تۆڕەکەی خۆیان چاک دەکردەوە، 20لەوکاتەدا بانگی کردن، ئەوانیش زەڤدی باوکیان لەگەڵ کرێکارەکانی ناو بەلەمەکە بەجێهیشت و
شوێنی کەوتن.21 پاشان ڕۆشتن بۆ شاری کەفەرناخوم. چونە ناوشارەکە، و لە ڕۆژی شەباتدا، چووە کەنیشتە و دەستی کرد بەفێرکردنیان.
22ئامادەبووان لە فێرکردنەکەی سەرسام بوون، چونکە بە دەسەڵاتەوە فێری دەکردن نەک وەکو مامۆستایانی تەورات.23لە کەنیشتەکەیاندا
کەسێکی لێبوو گیانی پیسی تێدا بوو، لەپڕ هاواری کرد 24گوتی: « یەشوای ناسیرەیی چیت لێمان دەوێت؟ هاتوی لەناومان ببەیت؟ دەزانم تۆ کێی.
پیرۆزەکەی خودایت!» 25یەشوا لێی ڕاخوڕی و فەرمووی: « بێدەنگ بە لێی وەرە دەرەوە!» 26گیانە پیسەکەش فێی لە پیاوەکە هێناو، بە دەنگی
بەرز هاواری کرد، و لێی هاتە دەرەوە.27هەموو سەرسام بوون و لە یەکیان پرسی: « ئەمە چیە؟ فێرکردنێکی نوێیە، بەدەسەڵاتەوە فەرمان بە
گیانە پیسەکانیش دەداو گوێڕایەڵی دەبن!» 28یەکسەر ناوبانگی یەشوا بە هەموو ناوچەی دەوروبەری گەلیلیدا بڵاو بۆوە.29لەوکاتەدا کەنیشتەکەیان
بەجێهێشت، چوونەماڵی شیمۆن و ئاندریا، یاکوڤ ویۆخەناشیان لەگەڵ بوو. 30خەسوی شیمۆن لەناو جێگەدا کەوتبوو، تای هەبوو. لەوکاتەدا بە
یەشوایان ڕاگەیاند. 31ئەویش هات لێی نزیک بۆوە، دەستی گرت و هەڵیستاند. هەرلەو کاتەدا تایەکە بەریدا، ئەویش هەستاو دەستی کرد بە
خزمەت کردنیان.32 ئێوارە درەنگان لە پاش ڕۆژ ئاوا بون، هەموو خەلکی لەلای کۆبوونەوە وئەو کەسانەیان بۆ دەهێنا کە گیانی پیسیان تێدا بوو،
33هەموو دانیشتوانی شارەکە لە بەر دەرگا کۆبوونەوە. 34ژمارەیەکی زۆرنەخۆشی بەجۆرەها دەردەوە چاک کردوە، و زۆر خێوی دەرکرد و ڕێگای
نەدا بە خێوەکان بدوێن، چونکە دەیانزانی کێیە.35لە بەرەبەیانی ڕۆژی دواتردا کە هێشتا تاریک بوو هەستا، چووە جێگایەکی چۆل و لەوێ دەستی
بە نزا کرد. 36شیمۆن و هاورێکانی بە شوێنیدا گەڕان. کاتێک دۆزیانەوە پێیانگوت: 37«هەموویان داواتدەکەن!»38یەشوا پێی فەرموون: « وەرن با
بڕۆین بۆ گوندەکانی دەوروبەر تاکوو لەوێش مزگێنی بدەم. چونکە من بۆ ئەمە هاتوم.» 39ئینجا رۆیشت و لە هەموو کەنیشتەکانی گەلیلی مزگێنی
دا، و خێوی دەردەکرد.40پیاوێک هاتە لای نەخۆشی گولی هەبوو لێی پارایەوە. لەبەردەمی چۆکی دادا و پێی گوت: « ئەگەربتەوێت دەتوانی پاکم
بکەیتەوە!» 41یەشوا بەزەیی پێداهاتەوە و دەستی درێژ کرد و دەستی لێدا و پێی فەرموو: «دەمەوێت، پاک بەرەوە!» 42هەر کە قسەی کرد
دەستبەجێ پاک بۆوە.43دوای ئەوەی کە یەشوا پیاوەکەی بە توندی ئاگادار کردەوە و بەڕێی کرد 44پێی فەرموو: « ئاگادار بە! هیچ شتێک بە کەس
مەڵێ، بەڵام بڕۆ خۆت پیشانی کاهین بدە، بۆ پاک بوونەوەکەت ئەو قوربانیەی موشە فەرمانی کردووە بیکە، وەک شایەتیەک بۆیان!»45بەڵام ئەو،
ڕۆشت و دەستی بە جاڕدان و بڵاو کردنەوەی ئەم هەواڵە کرد، لەبەرئەوەی یەشوا نەیتوانی بە ئاشکرا بچێتە ناوهیچ شارێک، بەڵکو لە دەرەوە لە
شوێنە چۆڵەکاندابوو، خەڵکیش لە هەموو لایەکەوە دەهاتنە لای.

## 2

1دوای چەند ڕۆژێک، یەشوا گەڕایەوە بۆ شاری کەفەرناخوم. هەواڵەکە بڵاو بۆوە کە ئەو لە ماڵەوەیە، 2خەڵکێکی زۆرکۆبوونەوە، شوێنی یەک
کەس نەدەبۆوە، تەنانەت لەبەردەرگاش. ئەویش دەستی کرد بە باس کردنی وشەی خودا بۆیان.3لەو کاتەدا کابرایەکی ئیفلیجیان هێنایە لای بە
چوار کەس هەڵیان گرتبوو. 4بەڵام بە هۆی زۆری خەڵکەکەوە نەیانتوانی لێی نزیک ببنەوە. جا کونێکی گەورەیان کردە سەربانی ئەوشوێنەی کە
یەشوای لێبوو، نوێنەکەیان شۆڕکردەوە کە پیاوە ئیفلیجەکەی لە سەر بوو.5کاتێک یەشوا باوەڕی ئەوانی بینی، بە ئیفلیجەکەی فەرموو: « کوڕم
گوناهەکانت بەخشران!» 6هەندێک لە مامۆستایانی تەورات کە لەوێ دانیشتبوون، لە دڵی خۆیاندا گوتیان: 7« بۆچی ئەم پیاوە بەم شێوەیە
دەدوێت؟ ئەو وشانەی دەیڵێت کوفرە! جگە لە خودا کێ دەتوانێت لە گوناهە خۆش بێت؟»8یەشوا لە گیانیەوە زانی کە ئەوان لە دڵیاندا چۆن
بیردەکەنەوە، پرسیاری لێکردن: « بۆچی لە دڵتاندا بیرلەم شتانە دەکەنەوە؟ 9کامیان ئاسانترە بە ئیفلیجەکە بگوترێت: گوناهەکانت بەخشران، یان
بگوترێت: هەستە و نوێنەکەت هەڵگرە و بڕۆ؟10بۆیە وام گوت تا بزانن ڕۆڵەی مرۆڤ لەسەرزەوی دەسەڵاتی بەخشینی گوناهەی هەیە». پاشان
بە ئیفلیجەکەی فەرموو: 11« پێت دەڵێم: هەستە نوێنەکەت هەڵگرە، و بڕۆ بۆ ماڵەوە!» 12ئەویش دەستبەجێ هەستا، نوێنەکەی هەڵگرت، و لە
بەرچاوی هەموویان ڕۆیشت. بە شێوەیێک هەموویان سەرسام بوون و ستایشی خودایان کرد و گوتیان: « هەرگیز شتی وامان نەبینیوە!»13دووبارە
یەشوا چوو بۆ کەناری دەریاچەکە، خەڵکەکە هەموو لێی کۆبوونەوە. ئەویش دەستی کرد بە فێرکردنیان. 14لە کاتی رۆشتنیدا، لێڤی کوڕی هەلفای
بینی لە شوێنی باجگران دانیشتبوو، پێی فەرموو: «شوێنم بکەوە!» ئەویش هەستا و شوێنی کەوت.15لە کاتێکدا یەشوا لە ماڵی لێڤی دانیشتبوو،
زۆرێک لە باجگران و گوناهباران لەگەڵ ئەو و قوتابییەکانی دانیشتبوون، چونکە زۆرێک کە لەوێ بوون بەدوایدا ڕۆیشتبوون. 16کاتێک مامۆستایانی
تەورات و فەریسیەکان یەشوایان بینی لەگەڵ باجگران و گوناهباران نان دەخوات، بە قوتابییەکانی ئەویان گوت: « بۆچی لەگەڵ باجگر و
گوناهباران نان دەخوات؟»17یەشوا گوێی لێبوو، وەڵامی دایەوە: « تەندروستەکان نین کە پێویستیان بە پزیشکە ، بەڵکو نەخۆشەکانن. من
نەهاتووم ڕاستودرووستەکان بانگهێشت بکەم بەڵکو گوناهباران!»18کاتێک قوتابییەکانی یۆخەنان و فەریسییەکان بەڕۆژو بوون، هەندێک هاتنە لای
یەشواو لێیان پرسی: «بۆچی قوتابییەکانی یۆخەنان و فەریسیەکان بەڕۆژو ئەبن ، بڵام قوتابییەکانی تۆ بەڕۆژو نابن؟» 19وەڵامی دانەوە: «ئایا


generated on Wed Jul 9 14:57:49 2025

بنەماڵەی زاوا دەتوانن بەڕۆژو بن؟ مادەم زاوا لە نێوانیاندایە ناتوانن بەڕۆژو بن.[20]بەڵام ڕۆژانێک دێت کە زاوا لە نێوانیاندا هەڵدەگیرێت . ئەوسا
بە ڕۆژو دەبن. [21]کەس کراسی کۆن بە قوماشی نوێ پینە ناکات، چونکە پێنە نوێیەکە لە کراسە کۆنەکە ڕادەکێشێت ، و دڕاویەکە خراپتر دەکات!
[22]کەسیش شەرابی نوێ ناکاتە ناو پێستەی کۆنەوە، ئەگینا شەرابەکە پێستەکە دەدڕێنێت، شەرابەکە دەڕژێت وپێستەکە خراپ دەکات. بەڵکو
شەرابی نوێ دەکرێتە پێستەی نوێوە».[23]لە یەکێک لە شەباتەکاندا یەشوا بەناو کێڵگەکاندا تێدەپەری، قوتابیەکانی بەڕێگاوە دەستیان کرد بە
پرواندنی گوڵە گەنم. [24]فەریسییەکان بە یەشوایان گوت: « بروانە! بۆچی قوتابییەکانت شتێک دەکەن کە لە شەباتدا ڕێگەپێدراو نیە؟»[25]وەڵامی
دانەوە: « ئایا ئێوە نەتانخوێندۆتەوە کە داڤید و هاوڕێکانی لە کاتی پێویستی و برسێتیدا چییان کرد؟ [26]چۆن چووە ناو ماڵی خودا، لە سەردەمی
ئەڤیاتاری سەرۆک کاهین، نانی پێشکەشکراویان خوارد کە ڕێگەپێدراو نییە بخورێت تەنها بۆ کاهینەکان نەبێت، بەڵام دای بە هاوەڵەکانی و
ئەوانیش خواردیان؟»[27]پاشان پێی فەرموون: « شەبات بۆ مرۆڤ بەدی هێنراوە، نەک مرۆڤ ببێتە کۆیلەی شەبات. [28]ڕۆڵەی مرۆڤ پەروەردگاری
شەباتە!»

## 3

[1]یەشوا جارێکیتر چووە ناو کەنیشت. پیاوێک لەوێ بوو دەستی وشک ببوو. [2]هەندێ لە ئامادەبووان چاودێرییان دەکرد تاکو بزانن ئەو پیاوە لە
شەباتدا چاک دەکاتەوە، بۆ ئەوەی تاوانباری بکەن.[3]یەشوا بە پیاوە دەست وشک بووەکەی فەرمووو: «لە ناوەڕاست ڕابوەستە!» [4]پاشان پرسیاری
لێکردن: «لە شەباتدا کامیان ڕێگە پێدراوە کاری چاکە یان خراپە؟ ڕزگارکردنی ژیان یان کوشتن؟» هەمووان بێدەنگ بوون.[5]یەشوا بە تووڕەیییەوە
ئاوڕی دایەوە و سەیریکردن لەبەر دڵڕەقییان غەمبار بوو، بە پیاوەکەی فەرمووو: «دەستت درێژ بکە!» ئەویش دەستی درێژ کرد، و چاک بۆوە.
[6]دەستبەجێ فەریسییەکان چوونە دەرەوە و لەگەڵ هێرۆدییەکان، پیلانیان گێڕا کە چۆن بیکوژن.[7]یەشوا و قوتابییەکان گەڕانەوە بەرەو دەریاچەکە.
خەڵکێکی زۆر لە ناوچەکانی گەلیلی و یەهودیا شوینی کەوتن [8]لە یۆرشەلایم و ئیدوما و ئەودیوی ڕووباری ئەردەن، خەڵکێکی زۆریش لە
ناوچەکانی سور و سیدۆن بەدوایدا هاتبوون، هەموو ئەو کارانەیان بیستبوو کە ئەنجامی دابوو.[9]جا یەشوا فەرمانی بەقوتابییەکانی کرد کە
بەلەمێکی بچووکی بۆ ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی خەڵکەکە قەرەباڵغی نەکەن، [10]لەبەر ئەوەی زۆر کەسی چاک کردبۆوە، وە هەرکەسێک نەخۆش
بوایە بە پەلە دەهات تاکو دەستی لێبدات.[11]ئەو کەسانەی کە گیانی پیسیان تێدابوو کاتێک دەیانبینی کڕنۆشیان بۆ دەبرد، وهاواریان دەکرد: «تۆ
ڕۆڵەی خودایت!» [12]ئەویش بە توندی ئاگاداری دەکردنەوە کە کارەکەی بەنهێنی بهێڵنەوە.[13]پاشان یەشوا چووە سەر کێوێک، و ئەوانەی بانگ کرد
کە خۆی دەیویست، ئەوانیش چوونە لای. [14]دوازدەی هەڵبژارد تاکو یاوەری بن و بیاننێرێت بۆ مزگێنی دان، [15]وە دەسەڵاتیان هەبێت بۆ دەرکردنی
خێوەکان. [16]ئەو دوازدە کەسەی هەڵیبژاردن، ئەمانە بوون: شیمۆن، کە ناوی لێنا پەترۆ،[17]یاکۆڤی کوڕی زەڤدی، و یۆخەنای برای، کە ناوی لێنان
بوانەرگس، واتا کوڕانی هەورەتریشقە، [18]ئاندریا، فیلیپۆس، بەرتۆلمیۆ، مەتا، تۆما، یاکۆڤی کوڕی هەلفای، تەداوس، شیمۆنی کانەوی، [19]یەهودای
ئیسخاریۆتی ئەوەی ناپاکی لەیەشوا کرد.[20]پاشان یەشوا گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، و دیسان خەڵکێکی زۆری لێ کۆبۆوە، بە ڕادەیەک یەشواو
قوتابیەکانی نەیانتوانی نان بخۆن. [21]کاتێک کەسوکاری بیستیان، هاتن بیبەنەوە، چونکە دەیانگوت مێشکی تێکچووە. [22]مامۆستایانی تەوراتیش کە لە
یۆرشەلایم هاتبوون، گوتیان: «بەعلزەبوبی تێدایە، بە سەرۆکی خێوەکان خێوەکان دەردەکات!»[23]بانگی لای خۆی کردن و بە نموونە قسەی بۆ
کردن، فەرمووی: «شەیتان چۆن دەتوانێت شەیتان دەربکات؟ [24] ئەگەر شانشینێک دووبەرەکی تێبکەوێت، ئەو شانشینە ناتوانێ خۆی ڕابگرێت.
[25]ئەگەر ماڵێکیش دووبەرەکی تێبکەوێت، ئەو ماڵە ناتوانێت خۆی ڕابگرێت.[26]ئەگەر شەیتان لە خۆی هەڵگەڕایەوە و دووبەرەکی تێکەوت، ئەوە
ناتوانێت خۆی ڕابگرێت، بەڵکو کۆتایی پێ دێت! [27]کەسیش ناتوانێت بچێتە ماڵی پیاوێکی بەهێز شتەکانی تاڵان بکات ئەگەرئەو پیاوە بەهێزە یەکەم
جار نەبەستێتەوە. ئینجا ماڵەکەی تاڵان بکات.[28]ڕاستیتان پێدەڵێم: هەموو گوناهەکانی مرۆڤەکان دەبەخشرێت، تەنانەت ئەو قسەو کوفرانەی کە
دەیڵێن. [29]بەڵام هەرکەسێک سووکایەتی بە گیانی پیرۆز بکات،هەرگیز نابەخشرێت، بەڵکو بۆ هەتاهەتایە سزا دەدرێت». [30]چونکە گوتیان: «گیانی
پیسی تێدا!»[31]براکانی و دایکی هاتن، و لە دەرەوەی ماڵەکە وەستان و ناردیان تاوەکو بانگی بکەن. [32]خەڵکێکی زۆر لە دەوری دانیشتبون، و پێیان
گوت: «دایکت و براکانت لە دەرەوەن و داوات دەکەن!»[33]وەڵامی دانەوە: «دایکم و براکانم کێن؟» [34]پاشان سەیری ئەو خەڵکە زۆرەی کرد کە
لە دەوری دانیشتبوون و فەرمووی: «دایک و برای من ئەمانەن، [35]ئەوەی خواستی خودا جێبەجێ بکات، ئەوە براو خوشک و دایکمە!»

## 4

[1]پاشان دەستی کرد بە فێرکردنی خەڵک لە کەناری دەریاچەکە، خەڵکێکی زۆرلە دەوری کۆبوونەوە، تا وایلێهات چووە ناو بەلەمێک دانیشت کە لە
ئاوەکەدا بوو، هەموویان کۆبونەوە لە ڕۆخی دەریاچەکە. [2]بەنموونە زۆر شتی فێرکردن. وە ئەوەی لە فێرکردنەکەیدا پێی وتن:[3]«گوێ بگرن!
جوتیارێک چووە دەرەوە تۆو بکات. [4]کە تۆوی دەوەشاند، هەندێکی کەوتنە سەر ڕێگا، باڵندەش هاتن و خواردیانن. [5]هەندێکیش کەوتنە
سەرزەوییەکی بەردەڵان کە خۆڵی کەم بوو خێرا سەریان دەرکرد، چونکە زەوییەکەی قووڵ نەبوو.[6]بەڵام کە ڕۆژ هەڵهات سووتان، و وشک بوون
چونکە ڕەگیان نەبوو. [7]هەندێکیشیان کەوتنە نێو دڕکەکان، دڕکەکان گەورە بوون و خنکاندیانن، و بەرهەمیان نەدا.[8]هەندێکیش کەوتنە سەر
زەوییەکی باش، ڕووان و گەشەیان کرد و بەرهەمیاندا، یەک بە سی، و یەک بە شەست، و یەک بە سەد». [9]پاشان فەرمووی: «ئەوەی گوێی هەیە
بۆ بیستن، با ببیستێت!»[10] کاتێک یەشوا بە تەنها بوو، ئەوانەی لە دەوروپشتی بوون لەگەڵ دوازدە قوتابییەکە لە مەبەستی نموونەکەیان پرسی.
[11]پێی فەرموون: « بە ئێوە دراوە نهێنی شانشینی خودا بزانن. بەڵام ئەوانەی لە دەرەوەن، هەموو شتێکیان بە نموونە پێ دەگوترێت، [12]ئەوانەی:
بە سەیرکردن سەیردەکەن بەڵام نابینن، بە بیستن دەبیستن بەڵام تێناگەن، نەوەک پاشگەز ببنەوە ولە گوناهەکانیان خۆش بم!»[13]پێی فەرموون:
«ئایا لەم نموونەیە تێنەگەیشتن؟ باشە چۆن لە نموونەکانی دیکە تێدەگەن؟ [14]جوتیارەکە وشەی خودا تۆو دەکات. [15]هەندێک کەس وەکو ئەو
تۆوانەن کە دەکەونە سەر ڕێگاکە، کاتێک دەیبیستن وشەیتان دێت و ئەو وشەیە دەڕفینیت کە تێیاندا چێندراوە.[16]ئەوانەی دیکە کە لەسەر زەوییە
بەردەڵانەکە چێندران، ئەوانەن کە وشەکە دەبیستن و بە خۆشییەوە وەریدەگرن، [17]بەڵام لەناخیاندا ڕەگیان دانەکوتاوە، تەنها بۆ ماوەیەکن
دەمێننەوە. کاتێک لەبەر وشەکە تووشی تەنگانە و چەوسانەوە دەبن، یەکسەر دەبێتە کۆسپ بۆیان.[18]ئەوانەی دیکە کە لەنێو دڕکەکاندا چاندران،
ئەوەن کە وشەکە دەبیستن، [19]بەڵام خەمی ژیانی ئێستا و فریوخواردنی دەوڵەمەندی و ئارەزووی شتەکانی دیکە، دێنە ناوەوە و وشەکە
دەخنکێنن، ئیتر بێ بەرهەم دەبن. [20]ئەوانەی دیکە کە لەسەر زەوییەکی باش چاندران، ئەوانەن کە وشەکە دەبیستن و وەریدەگرن و بەرهەم
دەدەن، یەک بە سی و یەک بە شەست، و یەک بە سەد».[21]ئینجا پێی فەرموون: «ئایا چرا دەهێنرێتە ژوورەوە بۆ ئەوەی بخرێتە ژێر سەبەتە یان
ژێر جێگا؟ ئایا لەسەر چرادان دانانرێت؟ [22]چونکە هیچ شتێکی شاراوە نییە کە ئاشکرا نەبێت، هیچ نهێنیەک نیە دەرنەکەوێت! [23]ئەوەی گوێی هەیە
بۆ بیستن، با ببیستێت!»[24]هەروەها پێی فەرموون: « وریابن لەوەی دەیبیستن. بەو پێوانەیەی بۆ خەڵک دەیپێون، بۆتان دەپێورێتەوە و بۆتان زیاد
دەکرێت. [25]چونکە ئەوەی هەیەتی زیاتری پێی دەدرێت، ئەوەش کە نییەتی، تەنانەت ئەوەی هەشیەتی لێی دەسەندرێتەوە».[26]هەروەها فەرمووی:
«شانشینی خودا لە مرۆڤێک دەچێت تۆو بوەشێنێتە سەر زەوی، [27]شەو دەخەوێت بۆ بەیانی کە هەڵدەستێت، تۆوەکە سەری دەرکردووە و گەشە

 generated on Wed Jul 9 14:57:49 2025

دەكات ئەویش نازانێت چۆن ڕویداوە. 28زەوی لە خۆیەوە بەرهەم دەدات، یەکەم جار گیا سەر دەردەکات، پاشان گوڵەگەنم، پاشان لە
گوڵەگەنمەکەدا گەنمی پڕ. 29بەڵام کاتێک بەرەکە پێدەگات، دەستبەجێ داسی لێ گیر دەکات چونکە کاتی دروێنەی هاتووە». 30هەروەها فەرمووی:
«شانشینی خودا لە چی دەچێت، بە چ نموونەیەک بەراوردی بکەین؟ 31شانشینی خودا لە دەنکە خەردەلێک دەچێت، کە لەسەر زەوی تۆو دەکرێت
لە هەموو تۆوەکانی سەر زەوی بچووکترە، 32کاتێک دەچێندرێت، لقو پۆپی گەورەتر دەردەکات، بە شێوەیەک باڵندەی ئاسمان دەتوانن لەژێر
سێبەریدا هێلانە بکەن». 33بە زۆرێک لەم جۆرە نموونانە یەشوا قسەی بۆ خەڵکەکە دەکرد تا ئەوەندەی توانای گوێگرتنیان هەبوو. 34بەبێ نموونە
قسەی بۆ نەدەکردن. بەڵام هەموو شتێکی بۆ قوتابییەکانی ڕوون دەکردەوە کاتێک بە تەنها لەگەڵیان دەبوو. 35هەرهەمان ڕۆژ کە ئێوارە داهات، بە
قوتابییەکانی فەرموو: «با بپەڕینەوە بۆ ئەوبەر!» 36کاتێک خەڵکەکەیان بەجێهێشت، لەگەڵ خۆیان بردیان بۆ ناو بەلەمەکە کە لە وێبوو. هەروەها
بەلەمی دیکەشی لەگەڵ بوو. 37زریانێکی توند هەڵیکرد، و شەپۆلەکان بە توندی لە بەلەمەکەیان دەدا بەجۆرێک کە خەریک بوو پڕ بێت لە ئاو.
38یەشوا لە دواوەی بەلەمەکە سەری لەسەر سەرینێک دانابوو خەوتبوو. هەڵیانساند و پێیان گوت: «مامۆستا، بەلاتەوە گرنگ نییە ئەگەر ئێمە
لەناوبچین؟» 39ئەویش هەستا، و لە ڕەشەباکەی ڕاخوڕی، و بە دەریا کەی فەرموو: «بێدەنگ بە. و هێمن بە!» ڕەشەباکە وەستا و بووە
هێمنییەکی تەواو.40پاشان پێی فەرموون: «بۆچی ئەوەندە دەترسن؟ چۆن باوەڕتان نیە؟» 41ئەوانیش زۆر ترسان، و بە یەکتریان دەگوت: «ئەمە
کێیە، تەنانەت با و دەریاش گوێڕایەڵی دەبن؟»

## 5

1ئینجا گەیشتنە ئەوبەری دەریاچەکە، بۆ هەرێمی گەراسین. 2کاتێک لە بەلەمەکە دابەزی، لەو کاتەدا لەناو گۆڕستان پیاوێکی پێگەیشت کە گیانی
پیسی تێدابوو،3لەناو گۆڕستاندا دەژیا. کەس نەیدەتوانی چیتر بیبەستێتەوە تەنانەت بە زنجیریش. 4زۆرجار بە کۆت و زنجیر دەبەسترایەوە، بەڵام
زنجیرەکانی دەپساند و کۆتەکانیشی دەشکاند، کەس نەیدەتوانی بەسەریدا زاڵ بێت.5شەو و ڕۆژ بەردەوام لەناو گۆڕستان و لە چیاکاندا بوو،
هاواری دەکرد و بە بەرد لەشی خۆی بریندار دەکرد. 6کاتێک لە دوورەوە یەشوای بینی، ڕایکرد و کڕنۆشی بۆ برد،7بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:
«چیت لە من دەوێت ئەی یەشوای ڕۆڵەی خودای بەرز؟ سوێندت دەدەم بە خودا ئەشکەنجەم مەدە!» 8چونکە یەشوا پێی فەرمووبوو: «ئەی
گیانی پیس، لە مرۆڤەکە وەرە دەرەوە!»9یەشوا پرسیاری لێکرد: «ناوت چییە؟» وەڵامی دایەوە: «ناوم لێگیۆنە چونکە ئێمە لەشکرێکی
گەورەین!» 10گیانە پیسەکان لێی پاڕانەوە و داوایان لێکرد نەیاننێرێتە دەرەوەی ناوچەکە. 11لەوێ ڕانە بەرازێکی گەورە لە شاخەکە دەلەوەڕان،
12گیانە پیسەکان لە یەشوا پاڕانەوە: «بماننێرە ناو بەرازەکان با بچینە ناویان!» 13ئەویش ڕێگەی دان. گیانەپیسەکان هاتنە دەرەوە و چوونە ناو
بەرازەکان، ئینجا بە خێرایی لە قەدپاڵی چیاکەوە بۆ ناو دەریاچەکە، هەڵدێران و خنکان. ڕانەکە نزیکەی دوو هەزار سەر دەبوون.14شوانی
بەرازەکان ڕایانکرد و هەواڵیان دا بە شار و گوندەکان. خەڵکەکەش هاتن تاکو ئەوە ببینن کە ڕوویداوە، 15هاتنە لای یەشوا، بینییان ئەوەی
لەشکرێک گیانی پیسی تێدابوو دانیشتووە و پۆشتەیە و ئەقڵی تەواوە، ترس دایگرتن.16ئەوانەی بینیان پێیان وتن چی بەسەر شێتەکە و بەرازەکاندا
هاتووە 17ئەوانیش داوایان لە یەشوا کرد لە ناوچەکەیان بڕوات.18کاتێک سواری بەلەمەکە دەبوو، ئەو کەسەی کە پێشتر گیانی پیسی تێدابوو لێی
پاڕایەوە کە لەگەڵی بێت. 19ڕێگای پێنەدا، بەڵکو پێی فەرموو: «بگەڕێوە ناو ماڵ، و کەسوکارەکەت، بۆیان بگێڕەوە پەروەردگار چی بۆ کردووی و
چۆن بەزەیی پێتدا هاتەوە». 20ئینجا ڕۆیشت و لە دە شارەکە بانگەوازی ئەوەی کرد کە یەشوا چی بۆ کردووە . هەمووان سەرسام بوون.21کاتێک
یەشوا گەڕایەوە بە بەلەمەکە پەرینەوە بۆ بەرامبەر دەریاچەکە، هەر لە کەنار ئاوەکە خەڵکێکی زۆر لێی کۆبوونەوە. 22یەکێک لە پێشەوایانی
کەنیشت هات، ناوی یائیربوو، هات بۆ لای. هەرکە بینی، خۆی خستە بەر پێی، 23زۆر لێی پاڕایەوە، پێیگوت: «کچە بچووکەکەم لە سەرەمەرگدایە.
وەرە دەستی لێبدە تاکو چاک بێتەوەو بژیێت!» 24ئینجا لەگەڵیدا ڕۆیشت، و جەماوەرێکی زۆر بەدوایدا هاتن و قەرەباڵغییان کرد.25ژنێک لەوێ بوو
کە دوازدە ساڵ بوو خوێن بەربوونی هەبوو، 26بە دەستی چەندین پزیشک ئازاری زۆری چێشتبوو، ئەوەی هەیبوو بۆ چارەسەری خۆی خەرج
کردبوو، هیچ سوودێکی نەبوو، بەڵکو بارودۆخی خراپتر ببوو. 27باسی یەشوای بیستبوو، بۆیە هاتە ناو خەڵکەکە و لە دواوە دەستی لە کەواکەی دا،
28چونکە گوتبووی: «بەسمە دەست لە جلەکانی بدەم تا چاک ببمەوە». 29دەستبەجێ خوێنبەربوونەکەی ڕاوەستا ولە جەستەیدا هەستی کرد کە
نەخۆشییەکەی چاک بۆتەوە.30هەرکە یەشوا هەستی بەو هێزە کرد کە لێی هاتە دەرەوە، چاوی گێڕا بە ناو خەڵکەکەدا و پرسی: «کێ دەستی لە
جلەکانمدا؟» 31قوتابییەکانی پیان گوت: «تو دەبینیت خەڵکەکە قەرەباڵغیان کردووە، و دەپرسیت: کێ دەستی لێدام؟» 32بەڵام بەردەوام سەیری
دەوروبەری دەکرد تا ببینێت کێ ئەو کارەی کردووە.33کاتێک ژنەکە زانی چی بەسەرهاتووە، بە ترس و لەرزەوە هات، وخۆی خستە پەرپێی
وهەموو ڕاستییەکانی پێ گوت. 34ئەویش پێی فەرموو: «کچم، باوەڕەکەت تۆی چاککردەوە. بڕۆ بە ئاشتی و لە نەخۆشییەکەت چاکببەوە!»35لە
کاتێکدا یەشوا قسەی دەکرد، چەند کەسێک لە ماڵی پێشەوای کەنیشتەکەوە هاتن و گوتیان: «کچەکەت مرد. کەواتە بۆچی هێشتا لە مامۆستا داوا
دەکەی؟»36بەڵام کاتێک، یەشوا ئەم هەواڵەی بیست، بە پێشەوای کەنیشتەکەی گوت: «مەترسە؛ تەنها باوەرت هەبێت!» 37نەیهێشت کەس
لەگەڵی بچێت پەترۆ و یاکوڤ و یۆخەنای برای یاکوڤ نەبێت. 38هاتنە ماڵی پێشەوای کەنیشتەکە، و خەڵکەکەی بینی کە زۆر دەگریان و دەلاوانەوە.
39کاتێک هاتە ژوورەوە، پێی فەرموون: «بۆچی بێزارن و دەگرین؟ کچەکە نەمردووە، بەڵکو نوستووە». 40پێی پێکەنین. بەڵام یەشوا، هەموویانی
کردە دەرەوە، پاشان دایک و باوکی کچەکەی برد وئەوانەش کە لەگەڵیدا بوون و چوونە ژوورەوە، بۆ ئەو شوێنەی کچەکەی لێبوو.41دەستی گرت
وفەرمووی: «تالیتا قومی!» واتا «ئەی کچ، پێت دەڵێم: هەستە». 42دەستبەجێ هەستا و دەستی بە ڕۆیشتن کرد، کچەکە تەمەنی دوازدە ساڵ
بوو. جا هەموویان زۆر سەرسام بوون. 43بە توندی فەرمانی پێدان کەس بەمە نەزانێت، وە داوای کرد شتێکی پێبدەن بیخوات.

## 6

1یەشوا ئەوێی بەجێهێشت و گەڕایەوە شارەکەی خۆی، قوتابییەکانیشی شوێنی کەوتن. 2کە بووە شەبات، لە کەنیشتدا دەستی کرد بە فێرکردنی
خەڵک، زۆر لەوانەی گوێیان لێ دەگرت سەرسام بوون، گوتیان: «ئەمە ئەمانەی لەکوێ بوو؟ ئەی ئەم داناییە چیە کە پێی دراوە، و ئەم
پەرجووانەی لەسەر دەستی دەکرێن؟ 3ئەرێ ئەمە دارتاشەکەی کوڕی میریام، و براکەی یاکۆڤ و یۆسپ و یەهودا و شیمۆن نییە؟ خوشکەکانی
لێرە لەلامان نین؟» بەوشێوەیە گومانیان لێکرد.4بەڵام یەشوا پێی فەرموون: «هیچ پێغەمبەر بێ ڕێز نییە، مەگەر لە شاری خۆی، و لەنێوان خزم و
کەسوکار، و ماڵی خۆی نەبێت!» 5ئیتر لەوێدا نەیتوانی هیچ پەرجوویەک بکات، تەنها چەند نەخۆشێک نەبێت کە دەستی لەسەر دانان و
چاکیکردنەوە. 6لە بێباوەڕیی ئەوان سەری سوڕما. ئینجا بە گوندەکانی دەوروبەردا دەگەڕا و خەڵکی فێر دەکرد.7پاشان دوازدە قوتابییەکەی
بانگکرد، دوو دوو دەستی بە ناردنیان کرد، و دەسەڵاتی بەسەر گیانە پیسەکاندا پێدان، 8ڕایسپاردن کە بۆ ڕێگا هیچ نەبەن جگە لە گۆچان، نە نان و
نە پێخۆر و نە پارە بۆ بەر پشتێن، 9بەڵکو پێڵاو و تەنها یەک کەوا لەبەر بکەن.10پێی فەرموون: «لە هەر شوێنێک چوونە ماڵێک، لەوێ بمێننەوە هەتا
ئەوێ بەجێدەهێڵن. 11ئەگەر لە هەر شوێنێکیش پێشوازییان لێ نەکردن و گوێیان لێ نەگرتن، لەوێ بڕۆنە دەرەوە و تۆزی پێتان بتەکێنن، بۆ
شایەتی لەسەریان».12ئەوانیش چوونە دەرەوە و جاڕی پاشگەزبوونەوەیاندا، 13گیانی پیسی زۆریان دەرکرد، و زۆر نەخۆشیان بە زەیت چەورکرد،


generated on Wed Jul 9 14:57:49 2025

و چاکیان کردنەوە.[14]هێرۆدی پاشا لە بارەی یەشواوە بیستی، چونکە ناوی دەنگی دابۆوە، و هەندێکیان دەیانگوت: «یۆخەنانی لەئاوهەڵکێش لەناو
مردووان هەستاوەتەوە، لەبەر ئەوە کاری پەرجوو لەسەر دەستی ئەو دەکرێت!» [15]خەڵکی دیکە دەیانگوت: «ئیلیایە»هەندێکیش دەیانگوت:
«پێغەمبەرێکە، وەک پێغەمبەرانی سەردەمی کۆن!»[16]بەڵام هێرۆد، کاتێک بیستی گوتی «ئەوە کەسێکی تر نییە جگە لە یۆخەنان ئەوەی کە سەرم
بڕی، هەستاوەتەوە!» [17]چونکە هیرۆد یۆخەنانی دەستگیر و زیندانی کردبوو. ئەوەش لە پێناو هیرۆدیا بوو کە هیرۆد هاوسەرگیری لەگەڵ کردبوو
کە ژنی فیلیپۆسی برای بوو.[18]لەبەر ئەوەی یۆخەنان پێی دەگوت: «ڕێگەپێدراو نییە براژنەکەت بخوازیت!» [19]ئیتر هێرۆدیا زۆر ڕقی لە یۆخەنان
دەبۆوە، و حەزی دەکرد بیکوژێت، بەڵام نەیدەتوانی. [20]هیرۆد لە یۆخەنان دەترسا چونکە دەیزانی پیاوێکی ڕاستودروست و پیرۆزە، خۆی
دەپارێزێت. هەرچەندە زۆرجار بە قسەکانی بێزاردەبوو، بەڵام زۆر حەزی لە گوێگرتنی بوو.[21]پاشان دەرفەتێک ڕەخسا هێرۆد لە جەژنی لەدایک
بوونیدا خوانێکی بۆ گەورە پیاوان و فەرماندەکانی و پیاو ماقوڵانی گەلیلی سازکرد. [22]کچی هێرۆدیا هاتە ژوورەوە و سەمای کرد،جا هێرۆد و
ئەوانەی دڵخۆش کرد کە لەگەڵی پاڵیاندابۆوە. پاشا بە کچەکەی گوت: «ئەوەی دەتەوێت لە منی داوا بکە، دەتدەمێ!»[23]سوێندیشی بۆ خوارد
گوتی: «هەرچیم لێ داوا بکەیت دەتدەمێ، ئەگەر نیوەی شانشینەکەشم بێت!» [24]ئەویش چووە دەرەوە و پرسیاری لە دایکی کرد: «داوای چی
بکەم؟»وەڵامی دایەوە: «سەری یۆخەنانی لەئاوهەڵکێش!» [25]دەستبەجێ و بە پەلە هاتە ژوورەوە داوای لێکرد: «دەمەوێت ئێستا سەری یۆخەنانی
لەئاوهەڵکێشم لەسەر سینییەک بدەیتێ!»[26]پاشا زۆر دڵگران بوو. بەڵام لەبەر سوێندەکەی و ئەوانەی لەگەڵی پالیاندابۆوە نەیویست پێچەوانەی
ئەوبەڵێنە بێت کە پێیدابوو. [27] لەوکاتەدا پاشا سزادەرانی نارد و فەرمانیدا سەری یۆخەنان بهێنن. سزادەرەکە رویشتوو و لە زیندان سەری پەڕاند،
[28]پاشان لەسەر سینییەک سەریان هێنا و دایان بە کچەکە و کچەکەش دای بە دایکی. [29]قوتابییەکانی یۆخەنان بیستیان، هاتن تەرمەکەیان هەڵگرت
و لە گۆڕێکدا ناشتیان.[30]نێردراوان لە یەشوا کۆبوونەوە، وهەواڵی هەموو شتێکیان پێدا: هەموو ئەو کار و فێرکردنانەی ئەنجامیان دابوو. [31]ئەویش
پێی فەرموون: «بە تەنیا وەرن بۆ شوێنێکی چۆڵ، کەمێک پشوو بدەن». لەبەر ئەوەی ئەوانەی دەهاتن و دەچوون زۆر بوون دەرفەتی نان
خواردنیان نەبوو. [32]قوتابییەکانی بە بەلەمێک بە تەنیا چوونە شوێنێکی چۆڵ.[33]بەڵام خەڵکێکی زۆرلە کاتی ڕۆیشتندا ئەوانیان بینی، بۆیە شوێنی
مەبەستیان زانی، پێکەوە بە پێ بەرەو ئەوێ ڕایاندەکرد، لە هەموو شارەکانەوە هاتن، پێشیان کەوتن. [34]کاتێک یەشوا لە بەلەمەکە دابەزی،
خەڵکێکی بێشوماری بینی و بەزەیی پێیاندا هاتەوە، چونکە وەک مەڕی بێ شوان وابوون. هەر بۆیە زۆر شتی فێرکردن.[35]درەنگانی ڕۆژ بوو،
قوتابییەکانی هاتنە لای، و گوتیان: «ئەم شوێنە چۆڵە، و ئێستا کاتیش درەنگە. [36]هەموویان بەڕێ بکە تاکو بچنە ئەم کێڵگە و گوندانەی دەوروبەر
خواردن بۆ خۆیان بکڕن».[37]وەڵامی دانەوە فەرمووی: «شتێکیان پێبدەن با بیخۆن!» پێیان گوت: «ئایا بچین بایی دوو سەد دینار نانیان بۆ بکڕین و
بیاندەینێ تاکو بیخۆن؟» [38]لێی پرسین: « چەند نانتان لایە؟ بڕۆن و سەیری بکەن». کە زانییان، گوتیان: «پێنج، و دوو ماسی!»[39]ئینجا فەرمانی
پێدان خەڵکەکە بە کۆمەڵ کۆمەڵ لەسەر گیاکە دابنیشێنن. [40]بە بازنە دانیشتن سەد سەد و پەنجا پەنجا. [41]ئینجا یەشوا پێنج نانەکە و دوو
ماسییەکەی هەڵگرت،و تەماشای ئاسمانی کرد وبەرەکتداری کرد و نانەکانی لەتکرد، و دایە قوتابییەکانی تاکو لەبەردەمی خەڵکەکە دایبنێن و دوو
ماسییەکەشی بەسەر هەموویان دابەش کرد.[42]هەموو خواردیان و تێر بوون. [43] پاشان دوازدە سەبەتەی پڕ لە پەلکەنان و ماسییان هەڵگرتەوە.
[44]ئەوانەی لە نانەکەیان خوارد، پێنج هەزار پیاو بوون.[45]لەو کاتەدا قوتابییەکانی ناچار کرد سواری بەلەمەکە بن و پێشی بکەون بۆ ئەوبەر، بۆ
شارۆچکەی بێت سەیدا، هەتا خۆی خەڵکەکە بەڕێ بکات. [46]دوای بەڕێکردنیان بۆ نزاکردن چووە سەر شاخ. [47]کە ئێوارە داهات، بەلەمەکە لە
ناوەڕاستی دەریاچەکە بوو، یەشوا بە تەنها لەسەر وشکانی بوو.[48]کە بینی قوتابییەکانی بەهۆی سەوڵ لێدانەوە ماندوو بوون، چونکە ڕەشەباکە
پێچەوانەیان بوو، لە بەرەبەیان هاتە لایان، بەسەر دەریاچەکەدا ڕۆیشت و ویستی لێیان تێبپەڕێت. [49]بەڵام کاتێک بینییان بەسەر دەریاچەکەدا
دەڕوات، وایانزانی جنۆکەیە جا هاواریان کرد. [50]چونکە هەموو بینییان و پەشۆکان. ئەو دەستبەجێ قسەی لەگەڵ کردن و پێیانی فەرموو: «وورەتان
بەرز بێ، ئەوە منم، مەترسن!»[51]ئینجا رۆیشت بەرەو بەلەمەکە و ڕەشەباکە هێمن بۆوە. سەریان سووڕما، [52]لەبەر ئەوەی لە پەرجووی نانەکان
تێنەگەیشتبوون، دڵیان هەر ڕەق بوو.[53]کاتێک لەگەڵ قوتابییەکانی پەڕینەوە ئەوبەر، هاتنە خاکی کینەرەت، و لەنگەریان گرت. [54]کاتێک لە بەلەمەکە
دابەزین، خەڵک ئەویان ناسییەوە، [55]چونکە پێشتر بەو ناوچانەدا گەڕابوون، و لە هەموو لایەکەوە دەیانبیست ئەوی لێیە ئەو نەخۆشانەی لە ناو جێگا
کەوتبوون دەیانبردە لای.[56]بۆ هەر شوێنێک دەچوون، گوند و شارو کێڵگە، خەڵک نەخۆشەکانیان لە شوێنە گشتیەکان دادەنا، و لێی دەپاڕانەوە کە
تەنها دەست لە داوێنی کەواکەی بدەن. جا هەموو ئەوانەی دەستیان لێی دەدا چاک دەبوونەوە.

# 7

[1]هەندێک لە فەریسی و مامۆستایانی تەورات کۆبوونەوە، لە یۆرشەلایمەوە هاتنە لای.[2]بینییان هەندێک لە قوتابییەکانی بە دەستی پیس نان
دەخۆن، واتا بێ دەست شوشتن. [3]چونکە فەریسی، و هەموو یەهوودیەکان، نان ناخۆن ئەگەربە باشی دەستیان نەشۆن، لەبەر ئەوەی پەیوەست
بوون بە نەریتی پیرانەوە. [4]هەروەها کاتێک لە بازاڕ دێنەوە، نان ناخۆن هەتا خۆیان نەشۆن. زۆر دابونەریتی دیکەش هەیە کە جێبەجێی دەکەن،
وەک شۆردنی دەفر و پەرداخ و قاپە مسەکان.[5]لەوکاتەدا لێیان پرسی فەریسییەکان و مامۆستایانی تەورات : «بۆچی قوتابییەکانت لەسەر نەریتی
پیران ناڕۆن، و بەڵکو بە دەستی پیس خواردن دەخۆن؟»[6]وەڵامی دانەوە و فەرمووی: «ئیشایای پێغەمبەر سەبارەت بە ئێوەی دووڕوو پێشبینی
باشی کردووە، وەک نووسراوە: ئەم گەلە هەر بە دەم ڕێزم لێ دەگرن، بەڵام دڵیان لێم دوورە. [7]بێهودە دەمپەرستن لە کاتێکدا ئەوان ڕێنماییەکان
دەزانن بەڵام تەنها ڕاسپاردەی مرۆڤانە فێری خەڵک دەکەن![8]ئێوە ڕاسپاردەی خوداتان پشتگوێ خستووە و دەستتان بە نەریتی مرۆڤەوەکانەوە
گرتووە!» [9]پێی فەرموون: «باش ڕاسپاردەی خودا ڕەت دەکەنەوە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە نەریتی خۆتان بکەن! [10]موشە فەرموویەتی: ڕێز لە
باوک و دایکت بگرە! هەروەها: هەرکەسێک سوکایەتی بە باوکی یان دایکی بکات، با مردن سزای بێت![11]بەڵام ئێوە دەڵێن: ئەگەر یەکێک بە دایک
یان باوکی بڵێت: ئەوەی لە منەوە سوودت لێی وەردەگرت دەیکەمە قوربانی، واتە پێشکەشکراو بۆ پەرستگا، [12]ئیتر نایەڵن شتێک بۆ دایکی یان
باوکی بکات! [13]بەوشێوەیە دەسەڵاتی وشەی خودا ڕەت دەکەنەوە بە پێی ئەو نەریتەی کە لە یەکتری وەردەگرن . و زۆر شتی دیکەی وەک ئەمە
دەکەن!»[14]کاتێک بۆ جاری دووەم جەماوەرەکەی بانگ کرد، پێی فەرموون: «هەمووتان گوێم لێ بگرن و تێبگەن! [15]هەر شتێک لە دەرەوەی مرۆڤ
بچێتە ناویەوە ناتوانێت پیسی بکات. سەبارەت بەو شتانەی کە لە مرۆڤەوە دێنە دەرەوە، ئەوانەن کە پیسی دەکەن. [16]ئەوەی گوێی هەیە بۆ
بیستن، با ببیستێ».[17]کاتێک خەڵکەکەی بەجێهێشت و هاتە ماڵەوە، قوتابییەکانی دەربارەی نموونەکە پرسیاریان لێکرد، [18]پێی فەرموون: «ئایا
ئێوەش تێنەگەیشتوون؟ ئایا تێناگەن کە هەرچی لە دەرەوەی مرۆڤەوە دێتە ناویەوە ناتوانێت پیسی بکات، [19]چونکە ناچێتە دڵییەوە بەڵکو سکی،
پاشان دەچێتە دەرەوەی جەستەی؟» بەمەش ڕایگەیاند کە هەموو خواردنێک پاکە.[20]ئینجا فەرمووی: «ئەوەی لە مرۆڤ دەردەچێت، ئەوەیە مرۆڤ
پیس دەکات. [21]چونکە لە ناوەوە، لە دڵی مرۆڤەکانەوەیە، کە بیری خراپ و بێ رەوشتی، و دزی، و کوشتن سەرهەڵدەدەن.، [22]داوێنپیسی،
چاوچنۆکی، خراپەکاری، هەڵخەڵەتاندن، بەدڕەوشتی، بەڕەڵایی، چاوپیسی، کوفر، لووتبەرزی، گەمژەیی [23]هەموو ئەم خراپانە لە ناخی مرۆڤەوە
دەردەچن و پیسی دەکەن».[24]پاشان یەشوا ئەوێی بەجێهێشت و چوو بۆ هەرێمی سور. چووە ماڵێک و نەیویست کەس بزانێت. بەڵام نەیتوانی
خۆی بشارێتەوە. [25]لەبەر ئەوەی ژنێک کچەکەی گیانی پیسی تێدابوو کاتێک هەواڵی ئەوی بیست یەکسەر هات و لەبەرپێی کەوت، [26]ژنەکەش

 generated on Wed Jul 9 14:57:49 2025

کەنعانی بوو، لە ڕەگەزی فینیقیای سوریا بوو، داوای لێکرد گیانە پیسەکە لە کچەکەی دەربکات.[27]ئەویش پێی فەرموو: «با سەرەتا منداڵەکان
تێربن! چونکە ناشێت نانی منداڵان ببرێت و فڕێبدرێت بۆ سەگ». [28]بەڵام وەڵامی دایەوە پێی گوت: « ڕاستە گەورەم! سەگیش لەژێر خواندا لە
پاشماوەی منداڵان دەخوات!»[29]پێی فەرموو: «لەبەر ئەم قسەیە، بڕۆ گیانە پیسەکە لە کچەکەت دەرچوو!» [30]کاتێک ژنەکە گەڕایەوە ماڵەوە، بینی
منداڵەکە لەسەر جێگاکەی پاڵکەوتووە و خێوەکەی لێ دەرچووبوو.[31]پاشان یەشوا دەوروبەری سوری بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ دەریاچەی
گەلیلی،بە سیدۆندا ڕۆیشت و سنوری دە شارەکەی تێپەڕاند. [32]پیاوێکی کەڕ و لاڵیان بۆ هێنا، و لێی پاڕانەوە دەستی لەسەر دابنێ.[33]بۆیە لە
خەڵکەکە دووری خستەوە. پەنجەکانی خستە گوێی کابرا، پاشان تفی کرد و دەستی لە زمانیدا، [34]و سەری بەرز کردەوە بۆ ئاسمان، ئاهێکی
هەڵکێشا و پێی گوت: «ئاڤاتا!» واتە بکرێرەوە. [35]دەستبەجێ گوێیەکانی کرانەوە و زمانی بەربوو، و بە ڕەوانی قسەی کرد.[36]ئینجا ڕایسپاردن بە
کەس نەڵێن. بەڵام چەند ڕایدەسپاردن، ئەوان زیاتر بڵاویان دەکردەوە. [37]زۆر سەرسام بوون، و دەیانگوت: «هەموو شتێکی بە باشی کردووە. وا
دەکات کەڕ ببیستێ و لاڵ قسە بکات».

## 8

[1] لەو ڕۆژانەدا، کۆمەڵە خەڵکێکی زۆری دیکە کۆبوونەوە، لەبەر ئەوەی هیچیان نەبوو بیخۆن، یەشوا قوتابییەکانی بانگ کرد و پێی فەرموون:
[2]«بەزەییم بەم خەڵکدا دێتەوە چونکە سێ ڕۆژە لەگەڵمن و هیچیان نییە بیخۆن. [3]وە ئەگەر بە ڕۆژووەوە بیانێرمەوە بۆ ماڵەکانیان، لە ڕێگا هێزیان
نامێنێت، و هەندێکیشیان لە دوورەوە هاتوون». [4]قوتابییەکانی پێیان گوت: «چۆن کەسێک ئەم خەڵکە بە نان تێر بکات لێرە لەم شوێنە
چۆڵە؟»[5]لێی پرسین: «چەند نانتان پێیە؟» وەڵامیان دایەوە: «حەوت!» [6]فەرمانیدا خەڵکەکە لەسەر زەوی دابنیشن. حەوت نانەکەی هەڵگرت، و
سوپاسی کرد، و شکاندی و دایە قوتابییەکان بۆئەوەی بیدەن بە خەڵکەکە، ئەوانیش کردیان[7]هەروەها چەند ماسییەکی بچووکیشیان پێی بوو،
ئەویش بەرەکەتداری کرد و فەرمانی دا کە بیدەن بە خەڵکەکە. [8] خواردیان هەتا تێربوون. دوایی حەوت سەبەتەی پڕ پەلکەنانیان هەڵگرتەوە.
[9]ژمارەی ئەوانەی ئامادەبوون نزیکەی چوار هەزار کەس دەبوون. پاشان بەرێی کردن، [10]لەو کاتەدا لەگەڵ قوتابییەکانی سواری بەلەمەکە بوو، و
هاتە ناوچەی دەلمانووتە.[11]فەریسییەکان هاتن و لەگەڵی دەستیان بە مشتومڕکرد، هەروەها بۆ ئەوەی تاقی بکەنەوە داوای پەرجوویەکی
ئاسمانیان لێکرد. [12]بۆیە بە ناڕەحەتی ئاهێکی هەڵکێشا، و فەرمووی: «بۆچی ئەم نەوەیە داوای نیشانە دەکات؟ ڕاستیتان پێ دەڵێم: هیچ
نیشانەیەک بەم نەوەیە نادرێت!» [13]پاشان بەجێی هێشتن و سواری بەلەمەکە بوو و پەڕینەوە بۆ کەناری بەرامبەر.[14]قوتابییەکان لەبیریان چووبوو
لەگەڵ خۆیان نان بهێنن، لە بەلەمەکەدا تەنها یەک نانیان پێبوو. [15]ڕایسپاردن فەرموی : «وریابن! ئاگاداری هەویر ترشی فەریسییەکان و هەویر
ترشی هێرۆد بن».[16]ئەوانیش لەگەڵ یەکتردا دەمەقاڵەیان دەکرد، و گوتیان: «چونکە نانمان نییە». [17]یەشوا کە بەمەی زانی، پێی فەرموون:
«بۆچی لەبەر ئەوەی نانتان نییە لەگەڵ یەکتردا دەمەقاڵە دەکەن؟ ئایا تا ئێستا هەست ناکەن و تێناگەن؟ ئایا هەتا ئێستا دڵتان هەڕەقە؟[18]چاوتان
هەیە، نابینن؟ گوێتان هەیە، نابیستن؟ هەروەها بیرتان نایەتەوە؟ [19]کاتێک پێنج نانەکەم شکاند بۆ پێنج هەزارەکە ، چەند سەبەتەی پڕ لە پەلکەنانتان
هەڵگرتەوە؟»وەڵامیان دایەوە: «دوازدە».[20]«کاتێک حەوت نانەکەم شکاند بۆ چوارهەزارەکە، چەند سەبەتەی پڕلە پەلکەنانتان هەڵگرتەوە؟»
وەڵامیان دایەوە: «حەوت!» [21]ئینجا پێی فەرموون: «چۆن هێشتا تێنەگەیشتوون؟»[22]کاتێک لەگەڵ قوتابییەکانی هاتنە بێت سەیدا، کەسێکی نابینایان
هێنایە لای لێی پاڕانەوە دەستی لەسەر دابنێت. [23]بۆیە دەستی نابیناکەی گرت و لە گوندەکە بردییە دەرەوە، و دوای ئەوەی تفی لە سەرچاوەکانی
دانا، دەستی خستە سەر و لێی پرسی: « ئایا هیچ دەبینیت؟»[24]سەری بەرز کردەوە، و گوتی: «خەڵک دەبینم،وەک درەخت، دەڕۆن». [25]دیسان
دەستی خستەوە سەر چاوەکانی، و بە وردی سەیری کرد، و تەندروستی بۆ گەڕایەوە و هەموو شتێکی بە ڕوونی بینی. [26]بۆیە ناردی بۆ ماڵەوە و
فەرمووی: « مەچۆ ژوورەوە تەنانەت بۆ ناو گوندیش!»[27]پاشان یەشواو قوتابییەکانی بەرەو گوندەکانی کەیسەرییەی فیلیپۆس بەڕێکەوتن. لە
ڕێگا، لە قوتابییەکانی پرسی: « خەڵک دەڵێن من کێم؟» [28]وەڵامیان دایەوە: «(هەندێک دەڵێن) یۆخەنانی لەئاوهەڵکێش، هەندێکیش دەڵێن ئیلیا،
هەندێکی تریش دەڵێن یەکێکە لە پێغەمبەران».[29]لێی پرسین: «ئەی ئێوە، دەڵێن من کێم؟» پەترۆ وەڵامی دایەوە: «تۆ مەسیحەکەیت!» [30]بۆیە
ئاگاداری کردنەوە ئەم بابەتە بەکەس نەڵێن.[31]ئینجا فێری کردن کە ڕۆڵەی مرۆڤ دەبێت زۆر ئازار بچێژێت، پیران و کاهینانی باڵا و مامۆستایانی
تەورات ڕەتی بکەنەوە، بکوژرێت، و دوای سێ ڕۆژ هەستێتەوە. [32]قسەکەی ئەوەندە بە ئاشکرا کرد. کە پەترۆ هێنایە ئەم لاوە و دەستی کرد بە
لۆمە کردنی.[33]بەڵام ڕووی کردە قوتابییەکانی و پەترۆی سەرزەنشت کرد و فەرمووی: «لەبەرچاوم لاچۆ ئەی شەیتان، تۆ بیر لە شتە خوداییەکان
ناکەیتەوە بەڵکو شتی مرۆڤانە!» [34]ئینجا خەڵکەکە و قوتابییەکانی بانگکرد، و پێی فەرموون: «ئەگەر کەسێک دەیەوێت ببێتە قوتابی من، با نکۆڵی
لە خۆی بکات، و خاچەکەی هەڵبگرێت، و دوام بکەوێت.[35]ئەوەی بیەوێت ژیانی خۆی ڕزگار بکات، دەیدۆڕێنێت. بەڵام ئەوەی لە پێناوی من و
مزگێنییەکەم ژیانی خۆی بدۆڕێنێت، ڕزگاری دەکات. [36]چی بەکەڵکی مرۆڤ دێت ئەگەرهەموو جیهان بباتەوە و خۆی بدۆڕێنێت؟ [37]یان مرۆڤ لە
بەرامبەر ژیانی خۆیدا چ بەهایەک دەدات؟[38]ئەوەی لەلای ئەم نەوە داوێنپیس و گوناهبارە شەرمی بە من و بە وتەکانم بێت، ڕۆڵەی مرۆڤیش
شەرمی پێی دەبێت کاتێک لە شکۆمەندی باوکی لەگەڵ فریشتە پیرۆزەکاندا دێتەوە».

## 9

[1] پاشان پێی فەرموون: «ڕاستیتان پێ دەڵێم: هەندێک لەوانەی لێرە ڕاوەستاون، مردن ناچێژن هەتا شانشینی خودا نەبینن کە بە هێزەوە دێت.»
[2]دوای شەش ڕۆژ، یەشوا پەترۆ و یاکوڤ و یۆخەنای لەگەڵ خۆی بە تەنها برد، بۆ سەر چیایەکی بەرز، لەوێ لەپێشیان شێوەی گۆڕدرا، [3]جلەکانی
لە بەفر سپیتر بوون، چونکە هیچ سپیکەرەوەیەکی سەر زەوی نەیدەتوانی شتێک وەک ئەمە سپی بکاتەوە.[4]ئینجا ئیلیا و موشەیان بۆ دەرکەوت
لەگەڵ یەشوادا گفتوگۆیان دەکرد. [5]ئینجا پەترۆ بە یەشوای گوت: « گەورەم، چەندە باشە بۆ ئێمە لێرە بمێنینەوە. با سێ چادرهەڵبدەین: یەکێکیان
بۆ تۆ، یەکێکیان بۆ موشە، ئەویتریش بۆ ئیلیا!» [6]نەیدەزانی چی دەڵێت، چونکە ترس دایگرتبوون.[7]هەورێکیش هات و باڵی بەسەریاندا کێشا،
دەنگێک لە هەورەکەوە هات: «ئەمە ڕۆڵەی خۆشەویستمە. گوێی لێ بگرن!» [8]کاتێک لەناکاو سەیری دەوروپشتیان کرد لە یەشوا زیاتر کەسیان
لەگەڵ خۆیان نەبینی.[9]کاتێک لە چیاکە دەهاتنە خوارەوە، یەشوا رایسپاردن ئەوەی بینییان بە کەسی نەڵێن، هەتا ڕۆڵەی مرۆڤ لەناو مردووان
هەڵدەستێتەوە. [10]ئەوانیش ڕاسپاردەکەیان ئەنجامدا، پاشان لەنێو خۆیاندا پرسیاریان لە یەکتر کرد «مانای هەستانەوە لە نێومردوان چیە؟»[11]جا
پرسیاریان لێکرد: «بۆچی مامۆستایانی تەورات دەڵێن دەبێت لە پێشدا ئیلیا بێت؟» [12]وەڵامی دانەوە: «ڕاستە، ئیلیا دێت و هەموو شتێک چاک
دەکاتەوە. هەروەها لە پەرتووکەکەدا هاتووە کە ڕۆڵەی مرۆڤ دەبێت ئازاری زۆر بچێژێت و بێ ڕێزی پێ بکرێت . [13]بەڵام پێتان دەڵێم: ئیلیا
پێشترهات، و چییان ویست پێیان کرد، هەروەک چۆن لەبارەی ئەو لە پەرتووکەکەدا هاتوە!»[14]کاتێک هاتنەوە لای قوتابییەکانی تر، خەڵکێکی زۆریان
لە دەوروپشتیان بینی و مامۆستایانی تەوراتیش دەمەقاڵێیان لەگەڵ دەکردن. [15]کە هەموو خەڵکەکە بینیان، سەرسام بوون بە پەلە سڵاویان لێکرد.
[16]لێی پرسین: «لەسەر چی دەمەقاڵەیان لەگەڵ دەکەن؟»[17]یەکێک لە خەڵکەکە وەڵامی دایەوە و گوتی : «مامۆستا، کوڕەکەم هێناوەتە لات
گیانێکی لاڵی تێدایە، [18]هەر کاتێک دەستی بەسەردا دەگرێت، دەکەوێتە سەر زەوی دەمی کەف دەکات و ددانەکانی جیڕدەکاتەوە و ڕەق دەبێت.


generated on Wed Jul 9 14:57:49 2025

داوام لە قوتابییەکانت کرد دەریبکەن، نەیانتوانی». 19 وەڵامی دانەوە و فەرمووی: «ئەی نەوەی بێباوەڕ! هەتا کەی لەگەڵتان بمێنمەوە؟ هەتا کەی
بەرگەتان بگرم؟ منداڵەکە بهێننە لام!»20ئەوانیش هێنایانە لای. کە گیانە پیسەکە یەشوای بینی، دەستبەجێ منداڵەکە فێی لێهات و کەوتە سەر
زەوی، دەگەوزا و کەف لە دەمیەوە دەهات. 21 لە باوکی منداڵەکەی پرسی: «لە کەیەوە وای لێهاتووە؟» وەڵامی دایەوە: « لە کاتی منداڵییەوە.
22زۆرجار فڕێیداوەتە ناو ئاگر و ناو ئاو بۆ ئەوەی لەناوبچێت. ئەگەر دەتوانی هەرشتێکت هەیە، بۆیە بەزەییت پێماندا بێتەوە و یارمەتیمان
بدە!»23یەشوا پێی فەرموو: «بەڵام ئەگەر توانیت باوەڕت هەبێت، بۆ باوەڕدار هەموو شتێک دەبێت!» 24دەستبەجێ باوکی منداڵەکە هاواری کرد:
«باوەڕم هەیە، باوەڕەکەم بە هێز بکە». 25یەشواکە بینی خەریکە قەرەباڵغ دەبێت، لە گیانە پیسەکەی ڕاخوڕی: «ئەی گیانی کەڕولاڵ، فەرمانت
پێ دەکەم، لێی وەرە دەرەوە وچیتر مەچۆرەوە ناوی!»26ئینجا گیانە پیسەکە هاواری کرد و بە توندی فێی لێهێنا، وپاشان هاتە دەرەوە. کوڕەکەش
وەک ئەوەی مردبێت، تەنانەت زۆر کەس گوتیان: «مرد!» 27بەڵام کاتێک یەشوا دەستی گرت و هەڵیستاندوە، و ڕاوەستا.28کاتێک یەشوا چووە ناو
ماڵەکە، قوتابییەکانی بە تەنیا لێیان پرسی: «بۆچی ئێمە نەمانتوانی گیانە پیسەکە دەریبکەین؟» 29پێی فەرموون: «ئەم جۆرانە دەرناکرێن تەنها بە
نزا و ڕۆژوو نەبێت!»30لەوێش ڕۆیشتن و بە ناوچەی گەلیلیدا تێپەڕین، ئەویش نەیدەویست کەس لەبارەیەوە بزانێت، 31یەشوا نەیویست کەس
بزانێت، چونکە قوتابییەکانی فێردەکرد و پێی دەفەرموون: « ڕۆڵەی مرۆڤ دەدرێتە دەست خەڵک، و دەیکوژن، دوای کوشتنی لە ڕۆژی سێهەمدا
هەڵدەستێتەوە ». 32بەڵام ئەوان لە وتەکەی تێنەگەیشتن، و ترسان پرسیاری لێ بکەن.33ئینجا هاتنە کەفەرناخوم. کە گەیشتە ماڵەوە، لە
قوتابییەکانی پرسی: «بۆچی لە ڕێگادا مشتومڕتان دەکرد؟» 34بۆیە بێدەنگ بوون، چونکە لە ڕێگادا مشتومڕیان لەسەر ئەوە دەکرد کە کامیان
پایەبەرزترینە. 35بۆیە دانیشت، و دوازدە قوتابییەکەی بانگکرد، پێی فەرموون: «ئەوەی دەیەوێت یەکەم بێت، با خۆی بکاتە دواهەمین و
خزمەتکاری هەمووان بێت!»36پاشان کوڕێکی بچووکی برد و لە ناویاندا ڕایگرت، و لە باوەشی گرت، و پێی فەرموون: 37«ئەوەی بە ناوی منەوە
یەکێک لەم منداڵانە پەسەند بکات، ئەوە منی پەسەند کردوە. ئەوەی من پەسەند بکات، تەنها منی پەسەند نەکردوە، بەڵکو ئەوەی کە
ناردوومی».38یۆخەنا پێی گوت: «مامۆستا، یەکێکمان بینی بە ناوی تۆوە گیانی پیسی دەردەکرد، ئێمەش ڕێمان لێ گرت، چونکە شوێنمان
ناکەوێت!» 39یەشوا فەرمووی: «ڕێی لێ مەگرن! کەس نییە بە ناوی منەوە پەرجوو بکات و بتوانێت لەدوای ماوەیەکی کورت بە خراپە باسم
بکات.40ئەوەی دژی ئێمە نییە لەگەڵمانە. 41ئەوەی بە ناوی منەوە جامێک ئاوتان بداتێ چونکە ئێوە هی مەسیحن، بەڕاستی پێتان دەڵێم پاداشتی
ون نابێت!42ئەوەی بیەوێت ببێتە کۆسپ بۆئەم بچووکانەی کە باوەڕیان بە من هەیە، باشترە بۆی بەرداشێکی گەورە بە ملیەوە هەڵبواسرێت و
بخرێتە ناو دەریاوە. 43ئەگەر دەستت تەڵەیەک بوو بۆت، بیبڕە: بۆ تۆ باشترە بە دەستێکەوە بچیتە ناو ژیانەوە لەوەی دوو دەستت هەبێت و بچیتە
دۆزەخ، بۆ ناو ئاگرێکی نەکوژاوە 44لەوێ کرمەکان نامرێت، و ئاگرەکە ناکوژێتەوە45ئەگەر پێت تەڵەیە بۆت، بیبڕە: باشترە بۆت بچیتە ژیانەوە بە
پێی بڕاوەوە، لەوەی دوو پێت هەبێت و فڕێ بدرێتە دۆزەخەوە، بۆ ناو ئاگرێکی نەکوژاوە. 46لەوێ کرمەکانیان نامرێت و ئاگرەکە ناکوژێتەوە.
47ئەگەر چاوت تەڵە بوو بۆت، دەریبهێنە: باشترە بە یەک چاو بچیتە ناو شانشینی خودا، لەوەی دوو چاوت هەبێت، فڕێ بدرێیتە ناو ئاگری
دۆزەخەوە. 48لەوێ کرمەکانیان نامرێت، و ئاگرەکە ناکوژێتەوە.49هەموو کەسێک بە ئاگر سوێر دەکرێت. 50خوێ باشە، بەڵام ئەگەر خوێ
سوێرییەکەی نەما، چۆن دەتوانی تامەکەی بدەیتەوە؟ با خوێتان تێدابێت و لەگەڵ یەکتری لە ئاشتیدا بن!»

## 10

1پاشان ئەو ناوچەیەی بەجێهێشت و هاتە دەوروبەری ناوچەی یەهودیا و ئەودیوی ڕووباری ئەردەن. دووبارە خەڵک لێی کۆبوونەوە ئەویش وەک
نەریتی خۆی دەستی کرد بە فێرکردنیان. 2هەندێک فەریسی هاتن و بۆ تاقیکردنەوە پرسیاریان لێی کرد: «ئایا دروستە مێرد ژنەکەی تەڵاق
بدات؟» 3وەڵامی دانەوە پرسیاری لێ کردن: 4«موشە بە چی رایسپاردوون؟» گوتیان: «موشە ڕێی داوە پیاو تەڵاقنامە بنووسێت و ژنەکەی تەڵاق
بدات».5یەشوا وەڵامی دایەوە: «بەهۆی دڵ ڕەقیتانەوە موشە ئەم ڕاسپاردەیەی بۆ نووسین. 6بەڵام لە سەرەتای بەدیهێنانەوە خودا مرۆڤی بە نێر
و مێ بەدیهێنا.7بۆیە پیاو باوک و دایکی بەجێدەهێڵێت و لەگەڵ ژنەکەیدا یەکدەگرێت، 8کەواتە هەردووکیان دەبنە یەک جەستە. ئیتر دوو کەس نین
بەڵکو یەک جەستەن. 9ئەوەی خودا بەیەکی گەیاندوون با مرۆڤ جیای نەکاتەوە».10وە لە ماڵەوە، قوتابییەکان دیسان سەبارەت بەو بابەتە
پرسیاریان لێکرد . 11پێی فەرموون: « ئەوەی کە ژنەکەی تەڵاق بدات، و یەکێکی تر بهێنێت ئەوا داوێنپیسی لەگەڵ دەکات. 12ئەگەر ژن لە
مێردەکەی تەڵاق وەربگرێت و مێرد بە یەکێکی تر بکات، ئەوا داوێنپیسی دەکات!»13هەندێکیان منداڵی بچووکیان بۆ هێنا تا دەستیان لێبدات. بەڵام
قوتابییەکان سەرزەنشتیان کردن. 14کە یەشوا ئەمەی بینی، تووڕە بوو پێی فەرموون: «با منداڵە بچووکەکان بێنە لام ، ڕێیان لێ مەگرن، چونکە
شانشینی خودا هی وەک ئەمانەیە!15 بەڕاستی پێتان دەڵێم: ئەوەی وەک منداڵێکی بچووک شانشینی خودا وەرنەگرێت، هەرگیز ناچێتە ناویەوە!»
16پاشان منداڵەکانی لە باوەش گرت و دەستی لەسەریان دانا و بەرەکەتداری کردن.17کاتێک خەریک بوو دەڕۆیشت، پیاوێک بە پەلە بەرەو ڕووی
هات کڕنۆشی بۆ برد و لێی پرسی: « ئەی مامۆستای چاک، چی بکەم تاکو ژیانی هەتاهەتایی بە میرات وەربگرم؟» 18یەشوا پێی فەرموو: «بۆچی
بە چاک ناوم دەبەیت؟ تەنها یەک کەس چاکە، وئەویش خودایە. 19تۆ ڕاسپاردەکان دەزانیت: مەکوژە؛ داوێنپیسی مەکە؛ دزی مەکە؛ شایەتی درۆ
مەدە؛ ستەم مەکە؛ ڕێز لە باوکت و دایکت بگرە!»20ئینجا وەڵامی دایەوە و گوتی: « لە منداڵییەوە هەموو ئەم کارانەم ئەنجام داوە» 21یەشوا
سەیری کرد و خۆشیویست، پێی فەرموو: «شتێکت کەمە: بڕۆ، هەموو ئەوەی هەتە بیفرۆشە، و بیدە بە هەژاران، بەمە گەنجینەیەکت لە ئاسماندا
دەبێت، ئینجا وەرە شوێنم بکەوە». 22بەم قسەیە غەمبار بوو بە دڵتەنگییەوە ڕۆیشت، چونکە سامانێکی زۆری هەبوو.23یەشوا سەیری دەوروپشتی
کرد و بە قوتابییەکانی فەرموو: «زۆرقورسە بۆ دەوڵەمەندان بچنە ناو شانشینی خودا!» 24قوتابییەکان لە قسەکانی سەرسام بوون. بەڵام یەشوا
دیسان پێی فەرموون: «ڕۆڵەکانم، چەندە قورسە بۆ ئەوانەی پشت بە پارە دەبەستن بچنە ناو شانشینی خوداوە! 25ئاسانترە وشترێک بە کونی
دەرزیدا تێپەڕێت، لەوەی دەوڵەمەندێک بچێتە ناو شانشینی خوداوە».26جا زۆر سەرسام بوون، و بە یەکتریان گوت: «کێ دەتوانێت ڕزگاری
بێت؟» 27 یەشوا سەیری کردن و فەرمووی: «لەلای مرۆڤەکان ئەمە ئاستەمە، بەڵام لای خودا نا. چونکە هەموو شتێک لەلای خودا دەبێت!»
28پەترۆ گوتی: «ئەوەتا ئێمە هەموو شتێکمان بەجێهێشت و شوێنت کەوتین.»29یەشوا وەڵامی دانەوە : «ڕاستیتان پێ دەڵێم: کەس نییە لە پێناوی
من و مزگێنییەکەم ماڵ وبرا و خوشک و دایک و باوک و منداڵ یان کێڵگەی بەجێ هێشتبێت، 30ئێستا لەم سەردەمە سەد هێندە وەرنەگرێتەوە، لە
ماڵ وبرا وخوشک ودایک ومنداڵ و کێڵگە لەگەڵ پاداشی چەوسانەوەکەی، وە لە ڕۆژی کۆتایی ژیانی هەتاهەتایی پێدەدرێت. 31بەڵام زۆر لە
یەکەمینەکان دەبنە دواهەمین، و دواهەمینەکانیش دەبنە یەکەمین!»32لە ڕێگاوە سەردەکەوتن بەرەو یۆرشەلایم ، یەشوا پێشیان کەوتبوو،
قوتابییەکانیش سەرسام ببوون، ئەوانەی شوێنی دەکەوتن دەترسان. جارێکیتر، دوازدە قوتابییەکەی جیا کردەوە، ئاگاداری کردنەوە لەوەی کە چی
بەسەردێت، فەرمووی: 33«ئەوەتا ئێمە بەرەو یۆرشەلایم سەردەکەوین، ڕۆڵەی مرۆڤ ڕادەستی سەرۆک کاهینەکان و زانایانی تەورات دەکرێت،
ئینجا سزای مردنی دەدەن، دەیدەنە دەست نەتەوەکان، 34گاڵتەی پێ دەکەن، و تفی لێدەکەن، و بە قامچی لێی دەدەن، و دەیکوژن. دوای سێ
ڕۆژهەڵدەستێتەوە!»35یاکۆڤ و یۆخەنا کوڕەکانی زەڤدی، هاتنە لای و پێیان گوت: «مامۆستا، دەمانەوێت داوای هەرچییەک دەکەین بۆمان
بکەیت». 36لێی پرسین: «ئارەزوی چیتان هەیە بۆتان بکەم؟» 37وەڵامیان دایەوە: «رێگەمان بدە لە شکۆمەندییەکەتدا دابنیشین: یەکێک لە دەستی

ڕاستت، یەکێک لە دەستی چەپت!»[38]یەشوا پێی فەرموون: «نازانن داوای چی دەکەن: ئایا دەتوانن ئەو جامە بخۆنەوە کە من دەیخۆمەوە، یان
دەتوانن خۆتان لەو ئازارانەدا نوقم بکەن کە من تێیاندا نوقم دەبم؟» [39]وەڵامیان دایەوە: «دەتوانین!» یەشوا وەڵامی دانەوە: «ئەو جامەی من
دەیخۆمەوە، ئێوەش دەیخۆنەوە، وە ئەو ئازارانەی کە من تێیاندا نوقم دەبم ئێوەش تێیاندا نوقم دەبن. [40]بەڵام دانیشتن لەلای ڕاست و چەپمەوە،
ئەوە بۆ من نییە بیدەم تەنها بۆ ئەوانەی کە بۆیان ئامادە کراوە».[41]کاتێک دە قوتابییەکەی دیکە ئەمەیان بیست، ناڕەزایەتیان دەربڕی بەرامبەر
یاکوڤ و یۆخەنا. [42]بەڵام یەشوا بانگی کردنە لای خۆی و پێی فەرموون: « دەزانن ئەوانەی بە فەرمانڕەوای نەتەوەکان دادەنرێن فەرمانڕەواییان
بەسەردا دەکەن، و گەورەکانیان دەسەڵاتیان بەسەریاندا دەسەپێنن.[43]با ئەمە لە نێوان ئێوەدا نەبێت، ئەوەی دەیەوێ لە نێوانتاندا مەزنترین بێت، با
ببێتە خزمەتکارتان، [44]هەرکەسێک دەیەوێت یەکەمین بێت لە نێوانتاندا، با خزمەتکاری هەمووان بێت. [45]چونکە تەنانەت ڕۆڵەی مرۆڤیش نەهاتووە
تاکو خزمەت بکرێت، بەڵکو هاتووە بۆ خزمەتکردن وبەخت کردنی خۆی لە پێناوی زۆرینەدا».[46]پاشان گەیشتنە یەریخۆ. لەو کاتەی خۆی و
قوتابییەکانی، و خەڵکێکی زۆر لە یەریخۆ هاتنە دەرەوە، بارتیماوسی کوێر – کوڕی سیمائۆس، لە لای ڕێگاکە دانیشتبوو و سواڵی دەکرد. [47]کە
بیستی ئەوە یەشوای ناسیرەییە، هاواری کرد: «یەشوا کوڕی داڤید، بەزەییت پێمدا بێتەوە!» [48]زۆر کەس سەرزەنشتیان کرد کە بێدەنگ بێت،
بەڵام ئەو زیاتر هاواری دەکرد: «ئەی کوڕی داڤید، بەزەییت پێمدا بێتەوە».[49]یەشوا ڕاوەستا و فەرمووی: «بانگی بکەن!» ئەوانیش نابیناکەیان
بانگکرد و پێیان گوت: «هەستە، و وەرەت بەرز بێت! بانگت دەکات!» [50]ئێترهەستا و هاتە لای یەشوا و کەواکەی فڕێدا.[51]یەشوا لێی پرسی: «چیت
دەوێ بۆت بکەم؟» نابیناکە پێی گوت: «گەورەم، دەمەوێ ببینم!» [52]یەشوا پێی فەرموو: «بڕۆ! باوەڕەکەت تۆی چاککردەوە». دەستبەجێ بینی،
و بە ڕێگادا دوای یەشوا کەوت.

## 11

[1] هەر کە لە یۆرشەلایم نزیک بوونەوە، گەیشتنە گوندی بێت فاگە و گوندی بێت ئەنیا، لەلای چیای زەیتوون، یەشوا دووان لە قوتابییەکانی نارد،
[2]پێی فەرموون: «بڕۆنە ئەو گوندەی بەرامبەرتان، لەگەڵ چوونە ژوورەوەتان بۆ ئەوێ، دەبینن جاشکێک بەستراوەتەوە هەتا ئێستا کەس سواری
نەبووە: بیکەنەوە و بیهێننە ئێرە. [3]ئەگەر یەکێک پێی گوتن: بۆچی ئەم کارە دەکەن؟ بڵێن: پەروەردگارمان پێویستی پێیەتی، زوو دەینێرێت بۆ
ئێرە».[4]کاتێک ڕۆیشتن، بینییان لەبەر دەرگای ماڵێک وا جاشکەکە لەسەر ڕێگاکە بەستراوەتەوە، ئەوانیش کردیانەوە. [5]هەندێک لەوانەی لەوێ
وەستابوون پێیان گوتن: «چی دەکەن؟ بۆچی جاشکەکە دەکەنەوە؟» [6]ئەوانیش وەڵامیان دایەوە وەک ئەوەی یەشوا پێی ڕاسپارد بوون ئیتر
ڕێگەیاندان.[7]ئینجا جاشکەکەیان هێنایە لای یەشوا ، و جلەکانیان لەسەر دانا، ئەویش سواری بوو. [8]خەڵکێکی زۆریش جلەکانیان لەسەر ڕێگاکە
ڕاخست و هەندێکی تریان بە لق و پۆپی دارەکان کە لە کێڵگەکان بڕیبوویان. [9]ئەوانەی لە پێشییەوە دەڕۆشتن و ئەوانەش کە لە پشتیەوە
دەڕۆیشتن، هاواریان دەکرد: «هۆشیەنا! پیرۆزە ئەوەی بە ناوی پەروەردگارەوە دێت! [10]پیرۆزە شانشینی داڤیدی باوکمان کە دێت! هۆشیەنا لە
بەرزتریندا!»[11]پاشان یەشوا چووە ناو یۆرشەلایم، تا هاتە ناو پەرستگا، تەماشای هەموو ئەو شتانەی دەکرد کە تێیدا دەگوزەرێت. کاتێک ئێوارە
هات، لەگەڵ دوازدە قوتابییەکە چوو بۆ بێت ئەنیا. [12]ڕۆژی دواتر، کە بێت ئەنیا یان بەجێهێشت، برسی بوو.[13]دارهەنجیرێکی لە دوورەوە بینی گەڵای
کردبوو، چووە لای بەو هیوایەی هەندێک بەروبوومی پێوە بێت. کە گەیشتە لای لە گەڵا زیاتر هیچی پێوە نەبینی، چونکە وەرزی هەنجیر نەبوو.
[14]پێی فەرموو: «ئیترکەس لەبەروبوومت ناخوات لە ئێستاوە بۆهەتاهەتایە !» و قوتابییەکانیشی گوێیان لێبوو.[15]هاتنە یۆرشەلایم، یەشوا چووە ناو
پەرستگا و ئەوانەی لەوێ خەریکی کڕین و فرۆشتن بوون لە حەوشەی پەرستگا دەریکردن، مێزی پارەگۆڕەکان و کورسی ئەو کەسانەی کە
کۆتریان دەفرۆشت هەڵیگێڕاندەوە. [16]هەروەها ڕێگەی نەدەدا کەس بە کەلوپەلەوە بەناو پەرستگاکەدا تێپەڕێت.[17]فێری کردن و دەیفەرموو:
«وەک نووسراوە: ماڵەکەم بە ماڵی نزا ناودەبردرێت لەلایەن هەموو نەتەوەکانەوە؟ بەڵام ئێوە کردووتانە بە ئەشکەوتی دزەکان!» [18]سەرۆک
کاهینەکان، و مامۆستایانی تەورات گوێیان لێبوو، بیریان دەکردەوە چۆن لەناوی ببەن: چونکە لێی دەترسان، لەبەر ئەوەی هەموو خەڵکەکە
سەریان سوڕمابوو لە فێرکارییەکانی. [19]کاتێک ئێوارە هات، چوونە دەرەوەی شار.[20]سبەی بەیانی زوو بەلایدا تێدەپەڕین، دار هەنجیرەکەیان بینی
لە ڕەگەوە وشک بووە. [21]پەترۆ بیری کەوتەوە و گوتی: «مامۆستا، سەیرکە! ئەو دارهەنجیرەی کە نەفرەتت لێکرد وشک بووەوە!»[22]یەشوا
وەڵامی دانەوە و فەرمووی: «باوەڕتان بە خودا هەبێت! [23]ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی بەم شاخە بڵێ: هەڵبکەنرێ و بکەوە ناو دەریاوە! و لە دڵیدا
گومان ناکات، بەڵکو باوەڕی بەوە بێت کە دەیڵێت ڕوودەدات، ئەوەی دەیڵێت بۆی دەکرێت.[24]لەبەرئەوە پێتان دەڵێم: ئەوەی داوای دەکەیت و
نزای بۆ دەکەیت، کەواتە باوەڕت بەوە هەبێت کە بەدەستت هێناوە، بۆت بەدی دێت. [25]کاتێک بۆ نزا کردن دەوەستن، ئەگەر شتێکتان هەیە
بەرامبەر بە کەسێک لێی خۆشبن، بۆ ئەوەی باوکتان لە ئاسمانەکان لە تاوانەکانتان خۆش بێت. [26]بەڵام، ئەگەر ئێوە لێی خۆش نەبن، باوکی
ئاسمانیشتان لە تاوانەکانتان خۆش نابێت».[27]پاشان جارێکی تر گەڕانەوە بۆ یۆرشەلایم. کاتێک لە پەرستگاکەدا دەگەڕا، کاهینانی باڵا، و
مامۆستایانی تەورات، و پیران هاتنە لای، [28]لێیان پرسی: « بە چ دەسەڵاتێک ئەو کارانە دەکەیت؟ کێ ئەم دەسەڵاتەی بە تۆ داوە ئەم کارانە
بکەیت؟»[29]یەشوا وەلامی دانەوە و پێی فەرموون: «منیش دەربارەی شتێک پرسیارێکتان لێ دەکەم. وەڵامم بدەنەوە، پێتان دەڵێم، بە چ
دەسەڵاتێک ئەم کارانە دەکەم: [30]ئایا لەئاوهەڵکێشانی یۆخەنان لە ئاسمانەوە بوو یان لە خەڵکەوە؟ وەڵامم بدەنەوە!»[31]بۆیە لە نێوان خۆیاندا
ڕاوێژیان کرد، و گوتیان: «ئەگەر بڵێین: لە ئاسمانەوە بوو، دەڵێت: باشە بۆچی باوەڕتان پێی نەبوو؟ [32]ئەگەریش بڵێین: لە خەڵکەوە بوو؟» ئەوان
لە خەڵک دەترسان چونکە هەموویان یۆخەنانیان بە پێغەمبەرێکی ڕاستەقینە دەزانی. [33]ئینجا وەڵامی یەشوایان دایەوە: «نازانین!» یەشوا پێی
فەرموون: «منیش پێتان ناڵێم بە چ دەسەڵاتێک ئەم کارانە دەکەم!»

## 12

[1]ئینجا بە نموونە قسەی لەگەڵ کردن وفەرمووی: «کابرایەک ڕەزێکی چاند، پەرژینێکی بە دەوریدا کرد، چاڵێکی بۆ ترێ گوشین تێدا هەڵکەند، و
شوێنێکی بەرزی بۆ چاودێری دروست کرد. پاشان باخەکەی بە ڕەزەوانان سپارد، و گەشتی کرد. [2]لە وەرزی خۆیدا ، خزمەتکارێکی بۆ لای
ڕەزەوانەکان نارد تاکو بەشی خۆی لە بەروبوومی ڕەزەکە وەربگرێت. [3]بەڵام گرتییان و لێیاندا و بە دەستی بەتاڵ ناردیانەوە.[4]خزمەتکارێکی
دیکەی بۆلایان نارد، سەری ئەمیشیان شکاند وسووکایەتیان پێکرد و ناردیانەوە. [5]یەکێکی دیکەشی نارد، ئەویشیان کوشت. زۆر خزمەتکاری
دیکەشی نارد، لە هەندێکیان دا و هەندێکیان کوشت.[6]تەنها کوڕە خۆشەویستەکەی مابوو، لە کۆتاییدا ئەویشی بۆ لایان نارد، گوتی: ڕێز لە
کوڕەکەم دەگرن! [7]بەڵام ئەو ڕەزەوانانە بە یەکتریان گوت: ئەمە میراتگرەکەیە؛ وەرن با بیکوژین بۆ ئەوەی میراتەکە بەدەست بهێنین![8]ئینجا
گرتیان و کوشتیان و فڕێیان دایە دەرەوەی ڕەزەکە. [9]کەواتە خاوەنی ڕەزەکە چی دەکات؟ دێت و ئەم ڕەزەوانانە لەناودەبات، و ڕەزەکە ئەداتە
کەسانی تر.[10]ئەم نووسراوە پیرۆزەتان نەخوێندۆتەوە: ئەو بەردەی بیناسازەکان ڕەتیان کردەوە، بوو بە یەکەم بەردی بناغە. [11]ئەمە لە
پەروەردگارەوە بوو، لە چاوی ئێمەشدا سەرسوڕهێنەرە!» [12]ئەوانیش هەوڵیان دا بیگرن، بەڵام لە خەڵکەکە ترسان، چونکە تێگەیشتن کە
مەبەستی نموونەکە لەوانە، ئیتر وازیان لێ هێنا و ڕۆیشتن.[13]پاشان هەندێک لە فەریسییەکان و ئەندامانی سەربە هیرۆدیان بۆ نارد، بۆ ئەوەی بە

 generated on Wed Jul 9 14:57:49 2025

وشەیەک کە دەیلێت توشی بکەن. [14]هاتن و پێیان گوت: «مامۆستا، دەزانین تۆ ڕاستگۆیت، وە لە کەس سڵ ناکەیت، چونکە تۆ پێگەی کەس
لەبەرچاو ناگریت، بەڵکو ڕێگای خودایان بەڕاستی فێردەکەیت: ئایا دروستە سەرانە بدرێتە قەیسەر یان نا؟ بیدەین یان نەیدەین؟» [15]بە دووڕوویی
ئەوانی زانی و پێی فەرموون: «بۆچی تاقیم دەکەنەوە؟ دینارێکم بۆ بهێنن با بیبینم!»[16]دینارێکیان بۆهێنا، پرسیاری لێکردن: «ئەمە وێنە و نەخشی
کێی لەسەرە؟» وەڵامیان دایەوە: «هی قەیسەر». [17]وەڵامی دانەوەو پێی فەرموون: «هی قەیسەر بدەن بە قەیسەر،ئەوەش هی خودایە
بیدەنەوە بە خودا!» ئەوانیش سەرسام بوون.[18]هەندێک لە سەدوکیەکان کە باوەڕیان بە زیندووبوونەوە نەبوو هاتنە لای، و لێیان پرسی و گوتیان:
[19]«مامۆستا، موشە بۆی نووسین: ئەگەر برای کەسێک مرد و ژنەکەی دوای خۆی بەجێهێشت بە بێ ئەوەی منداڵی هەبێت، ئەوا براکەی دەبێت
لەگەڵ براژنەکەی هاوسەر گیری بکات و نەوە بخاتەوە لەسەر ناوی براکەی.[20]حەوت برا هەبوون، یەکەمیان ژنی هێنا و بە بێ ئەوەی منداڵی
هەبێت مرد، [21]دووەم خواستییەوە وبەبێ ئەوەی هیچ نەوەیەک بخاتەوە مرد، سێهەمیش بە هەمان شێوە. [22]بەم شێوەیە هەر حەوتەکە بەبێ ئەوەی
نەوەیان بخەنەوە هێنایان. وە دوای ئەوانیش، هەروەها ژنەکەش مرد. [23]لە ڕۆژی زیندووبوونەوەدا، کاتێک زیندوودەبنەوە، ژنەکە دەبێتە ژنی
کامیان، چونکە ئەو ژنی هەرحەوتیان بووە؟»[24]یەشوایش وڵامی دانەوە پێی فەرموون: «ئایا پێتان وانیە لە تاریکیدان کە نە لە پەرتووکی پیرۆز و نە
لە هێزی خودا تێناگەن؟ [25]وە کاتێک مرۆڤەکان لە مردن هەڵدەستێندرێنەوە، نە ژن دەهێنن و نە مێرد دەکەن، بەڵکو وەک ئەو فریشتانە وان کە لە
ئاسمانەکاندان.[26]بەڵام دەربارەی مردووان کە هەڵدەستنەوە، کەواتە ئەوەی لە پەڕتووکی موشەدا، لە باسی دەوەنەکە نەتانخوێندۆتەوە، خودا
چۆن قسەی لەگەڵ کرد و پێی فەرموو: من خودای ئەڤراهام و خودای ئیتساخ و خودای یاکوڤم؟ [27]چونکە خودای مردووەکان نییە، بەڵکو خودای
زیندووەکانە. کەواتە ئێوە لە تاریکیەکی مەزندان!»[28]یەکێک لە مامۆستایانی تەورات گوێی لە مشتومڕیان بوو هاتە لایان، بینی کە بە باشی وەڵامی
داونەتەوە، بۆیە لێی پرسی: «چ ڕاسپاردەیەک گرنگتر لە هەموو ڕاسپاردەکانە؟» [29]یەشوا وەڵامی دایەوە: «لە هەموویان گرنگتر ئەمەیە: ئەی
یەسرائیل گوێ بگرن، پەروەردگاری خودامان یەک پەروەردگارە [30]کەواتە پەروەردگاری خودات بە هەموو دڵ و بە هەموو گیان و بە هەموو بیر و
بە هەموو تواناتەوە خۆش بوێت. ئەمە ڕاسپاردەی یەکەمە. [31]لەدوای ئەویش ئەمەیە، نزیکەکەت وەک خۆت خۆشبوێت، هیچ ڕاسپاردەیەک
گەورەتر لەمانە نییە».[32]مامۆستاکەی تەوراتیش پێی گوت: «ڕاستە، مامۆستا! بەپێی ڕاستییەکە قسەت کردووە. کە یەک خودا هەیە و بێجگە لە
ئەو هیچ خودایەکی دیکە نییە. [33]خۆشت بوێت بە هەموو دڵ و بە هەموو تێگەیشتن و بە هەموو تواناتەوە، و خۆشویستنی نزیکەکەت وەک خۆت،
شایستەترە لە هەموو قوربانی سووتاندن و پێشکەش کراوێک!» [34]کاتێک یەشوا بینی کە بە ژیری وەڵامی داوەتەوە، پێی فەرموو: «تۆ لە
شانشینی خودا دوور نیت!» دوای ئەوە کەس نەیوێرا هیچ پرسیارێکی لێ بکات.[35]یەشوا لە کاتی وانەگوتنەوە لە پەرستگا قسەی کرد، و
فەرمووی: «مامۆستاکان چۆن دەتوانن بڵێن مەسیح کوڕی داڤیدە؟ [36]داڤید خۆی بە گیانی پیرۆزگوتی: پەروەردگار بە پەروەردگارمی فەرموو: لە
ڕاستەم دابنیشە هەتا دوژمنانت دەخەمە ژێر پێت! [37]مادەم داڤید خۆی پێی بڵێت پەروەردگار ئیتر چۆن دەبێتە ڕۆڵەی؟» خەڵکەکە زۆربە
خۆشحاڵیەوە گوێیان لێگرت.[38]لە فێرکارییەکانیدا دەیفەرموو: «ئاگاداری مامۆستایانی تەورات بن کە حەز دەکەن بە جلی سەرنج ڕاکێشەوە
بگەڕێن، و پێیان خۆشە لە شوێنە گشتیەکان سڵاویان لێ بکەن، [39]و لە کەنیشتەکان لە ڕیزی پێشەوە دابنیشن، و لە ڕیزی یەکەمی ئاهەنگەکاندا
بن. [40]ماڵی بێوەژنەکان دەخۆن، و بۆ خۆدەرخستن نزاکانیان درێژ دەکەنەوە. ئەوانە سزای توند بەسەریاندا دەدرێت!»[41]یەشوا بەرامبەر گەنجینەی
پەرستگا دانیشت، و سەیری کرد چۆن خەڵک پارە دەخەنە ناو گەنجینەکەوە. زۆرێک لە دەوڵەمەندەکان پارەیەکی زۆریان دەخستە ناوی. [42]پاشان
بێوەژنێکی هەژارهاتوو دوو فلسی دانا.[43]قوتابییەکانی بانگ کرد و پێی فەرموون: «ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەم بێوەژنە هەژارە لە هەموو ئەوانەی
دیکە پارەی زیاتری خستە ناو گەنجینەکە: [44]چونکە هەمووان لە زیادەی خۆیان بەخشییان، بەڵام ئەم بێوەژنە سەرەڕای هەژارییەکەی هەرچی
هەیبوو بەخشی!»

## 13

[1]کاتێک لە پەرستگاکە دەچووە دەرەوە، یەکێک لە قوتابییەکانی پێی گوت: «ئەی مامۆستا، سەیری جوانی ئەم بەردانە و تەلارانە بکە!» [2]یەشوا
وەڵامی دایەوە: «ئەم تەلارە مەزنانە دەبینیت؟ لێرەدا بەردی بەسەر بەردیەوە نامێنێت و هەمووی دەڕووخێت!»[3]کاتێک لەسەر کێوی زەیتوون
بەرامبەر پەرستگاکە دانیشتبوو، پەترۆ و یاکوڤ و یۆحەنا و ئەندریا بە تەنها لێیان پرسی: [4]« پێمان بڵێ کەی ئەمانە ڕوودەدەن، هەروەها
نیشانەکانی پێش ئەو ڕووداوانە چین؟»[5]یەشوا وەڵامی دانەوەو فەرمووی: «ئاگادار بن! با کەس گومڕاتان نەکات! [6]چونکە زۆر کەس بە ناوی
منەوە دێن، و دەڵێن ئەوین زۆر کەسیش گومڕا دەکەن.[7]بەڵام کاتێک گوێت لە شەڕ و دەنگۆی شەڕ دەبێت تووشی شڵەژان مەبن؛ چونکە دەبێت
ئەمانە ڕووبدات، بەڵام هێشتا کۆتایی نییە. [8]نەتەوە لە نەتەوە، شانشین لە شانشین هەڵدەگەڕێنەوە، لە زۆر شوێن بوومەلەرزە ڕوودەدات،وەک
چۆن برسێتی ڕوودەدات، بەڵام ئەمە دەستپێکی ژانەکانە.[9]ئاگاداری خۆتان بن، چونکە ڕادەستی دادگا و کەنیشتەکان دەکرێن، و لێتان دەدرێت لە
پێناوی مندا لەبەردەم فەرمانڕەوا و پاشایان ڕادەوەستێنرێن، وەک شایەتی بۆ ئەوان. [10]هەروەها دەبێ یەکەم جار مزگێنییەکەم بە هەموو
نەتەوەکان ڕابگەیەنرێت.[11]کاتێک ڕادەستتان دەکەن، پێشوەخت نیگەرانی ئەوە مەبن لەوەی چی بڵێن: بەڵکو لەو کاتەدا چیتان بە سروش بۆ دێت
بەوە دەدوێن، چونکە ئێوە نین دەدوێن بەڵکو گیانی پیرۆزە. [12]برا برای خۆی بە دەستەوە دەدات بۆ مردن، باوکیش منداڵەکەی، منداڵەکانیش دژی
دایک و باوکیان هەڵدەگەڕێنەوە و دەیانکوژن. [13]و لە پێناو ناوی مندا هەمووان ڕقیان لێتان دەبێتەوە. بەڵام ئەوەی تا کۆتایی بەرگە بگرێت،
ڕزگاری دەبێت.[14]کاتێک قێزەونی وێرانکەر دەبینن لەو شوێنە وەستاوە کە نابێت لێی بێ، با خوێنەر تێبگات! ئینجا ئەوانەی لە ناوچەی یەهودیان با
بەرەو شاخەکان هەڵێن؛ [15]هەرکەسێک لەسەربانە، با نەیەتە خوارەوە بۆ بردنی شتەکانی؛ [16]ئەوەی لە کێڵگەیە، با نەگەڕێتەوە بۆ بردنی جلەکانی.
[17]هاوار بەوانەی لەو ڕۆژانەدا دووگیانن و شیردەرن! [18]کەواتە نزابکەن تاکو لە زستاندا ئەمە ڕوونەدات: [19]لەو ڕۆژانەدا تەنگانەیەک ڕوودەدات کە
هاوشێوەی ئەو لە سەرەتای پەیدابوونەوە کە خودا بەدیهێناوە تا ئێستا ڕووی نەداوە و ڕوونادات. [20]وە ئەگەر پەروەردگار ئەو ڕۆژانەی کورت
نەکردایەتەوە، هیچ مرۆڤێک ڕزگاری نەدەبوو. بەڵام لە پێناوی ئەوانەی هەڵیبژاردوون، ئەو ڕۆژانەی کورت کردۆتەوە.[21]ئەگەر ئەو کاتە یەکێک
هاتەلاتان و پێی گوتن: ئەوەتا مەسیحەکە لێرەیە! یان: ئەوەتا لەوێیە! باوەڕ مەکەن. [22]ئینجا زۆر دژە مەسیح و پێغەمبەری ساختە دەردەکەون،
نیشانە مەزن و پەرجوو دەنوێنن، بەشێوەیێک ئەگەر بتوانن هەڵبژێردراوانیش، گومڕا دەکەن. [23]بەڵام ئاگاداربن! ئەوەتا هەموو شتێکم پێ
ڕاگەیاندوون پێش ئەوەی ڕووبدات.[24] بەڵام لەو ڕۆژانەدا، دوای ئەو تەنگانەیە، خۆر تاریک دەبێت و مانگ ڕووناکی خۆی دەشارێتەوە،
[25]ئەستێرەکانی ئاسمانیش دەکەونە خوارەوە، وهێزی ئاسمانەکان دەهەژێن. [26]لەوکاتەدا دەبینن ڕۆڵەی مرۆڤ کەلە هەوری ئاسماندا بە هێز و
شکۆمەندییەکی مەزنەوە دێت. [27]لەوکاتەدا فریشتەکانی دەنێرێت بو کۆکردنەوەی هەڵبژێردراوەکانی لە ئاراستەی چوار لایەکە، لەمسەری
زەویەوە تا ئەوسەری ئاسمان.[28] لە دار هەنجیرەوە ئەم پەندە فێربە: کاتێک لقەکانی نەرم دەبن و گەڵاکانی گەشە دەکەن، دەزانن هاوین نزیکە.
[29]بە هەمان شێوە، کاتێک ئێوەش دەبینن ئەم شتانە ڕوودەدات، بزانن کە نزیکە، و لە بەردەرگایە.[30]ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەم نەوەیە هەرگیز
تێناپەڕێت تا هەموو ئەمانە ڕوو نەدات. [31]ئاسمان و زەوی تێدەپەڕن، بەڵام وشەکانم هەرگیز بەسەرناچن. [32]سەبارەت بەئەو ڕۆژە و کاتە کەس
نایزانێت، تەنانەت فریشتەکانی ئاسمانیش و نە کوڕەکە، تەنیا باوک نەبێت.[33]ئاگاداربن و ئێشک بگرن چونکە نازانن چ کاتێک دێت! [34]وەک پیاوێکە

گەشتی کردبێت، ماڵەکەی بەجێ هێشتبێت، و دەسەڵاتی دابێتە خزمەتکارەکانی هەریەکە و بە ئیشی خۆی، دەرگاوانیشی ڕاسپاردبێت چاوەدێری بکات.[35] بۆیە چاوەڕێ بن، چونکە نازانن کەی خاوەن ماڵەکە دەگەڕێتەوە: ئێوارە، یان نیوەی شەو، یان لەگەڵ خوێندنی کەڵەشێر، یان بەیانی، [36]نەک لەناکاو بگەڕێتەوە و بتانبینێت کە خەوتوون. [37]جا ئەوەی بە ئێوەی دەڵێم، بە هەمووانی دەڵێم: ئێشک بگرن!»

# 14

[1]جەژنی پەسخە و نانی فەتیرە دوو ڕۆژی مابوو، سەرۆک کاهینەکان و مامۆستایانی تەورات هێشتا هەوڵیان دەدا بە فێڵێک دەستگیری بکەن و بیکوژن. [2]ئەوانیش گوتیان: «لە کاتی جەژندا نابێت، نەوەک ئاژاوە لەنێو خەڵکدا دروست بێت!»[3]لە کاتێکدا لە بێت ئەنیا بوو، لە ماڵی شیمۆنی گول پاڵی دابۆوە ، ژنێک بە شووشەیەکەوە هات کە بۆنێکی زۆر گرانبەهای تێدابوو و لە گوڵی بێگرد دروستکرابوو، شووشەکەی شکاند و بۆنەکەی بە سەریدا ڕشت. [4]هەندێکیان ناڕازی بوون و بە یەکتریان گوت: «بۆچی لە بۆنەکەدا زیادە ڕەوی دەکات؟ [5]دەکرا ئەم بۆنە بە زیاتر لە سێ سەد دینار بفرۆشرایە ، وپارەکەی بدرایە بە هەژاران.». جا لۆمەی ژنەکەیان کرد.[6]بەڵام یەشوا فەرمووی: «وازی لێ بهێنن! بۆچی هەراسانی دەکەن؟ ئەوی کردی بۆ من کارێکی باش بوو. [7]هەژارەکان لە هەموو کاتێکدا لەگەڵتانن، هەرکاتێک بتانەوێت دەتوانن چاکەیان لەگەڵدا بکەن. بەڵام من بەردەوام لەگەڵتان نابم. [8]ئەوەی لە دەستی هات کردی. سەرەتا جەستەمی بۆن خۆش کرد وەک ئامادەکارییەک بۆ ناشتن. [9]ڕاستیتان پێ دەڵێم: لەو شوێنانەی کە مزگێنیەکەم لە هەموو جیهاندا ڕادەگەیەندرێت، یادی ئەوە دەکەن کە ئەم ژنە چی کردووە!»[10]پاشان یەهودای ئیسخاریۆتی، کە یەکێک بوو لە دوازدە قوتابییەکە، چوو بۆ لای کاهینانی باڵا تاکو یەشوایان ڕادەست بکات. [11]کاتێک ئەمەیان بیست، دڵخۆش بوون، بەڵێنیان دا پارەی پێ بدەن. بۆیە کاتی بۆ تەرخان کرد تا لە دەرفەتێکی گونجاودا ڕادەستی بکات.[12]لە ڕۆژی یەکەم فەتیرەدا، کە(بەرخی) پەسخەیان سەردەبڕی، قوتابییەکانی لێیان پرسی: «دەتەوێ بچینە کوێ ئامادەکاری بکەین تاکو نانی پەسخە بخۆیت؟» [13]ئەویش دوو قوتابی نارد، و پێی فەرموون: «بڕۆنە ناو شار، لەوێ چاوتان بە پیاوێک دەکەوێت کە گۆزەیەکی ئاوی هەڵگرتووە، شوێنی بکەون. [14]لە کوێ دەچێتە ژوورەوە، بە خاوەن ماڵەکە بڵێن: مامۆستا فەرموویەتی: کوا ژوورەکەم کە تێیدا نانی پەسخە لەگەڵ قوتابیەکانم دەخۆم؟[15]ژوورێکی گەورەتان لە نهۆمی سەرەوە پیشان دەدات، کە تەرخان و ئامادە کراوە. ئەوێ بۆ ئێمە ئامادە بکەن!» [16]قوتابییەکان ڕۆیشتن و چونە ناو شارکە، وە بینییان هەروەک پێی فەرمووبوون. وە لەوێ نانی پەسخەیان ئامادە کرد.[17]کاتی ئێوارە، یەشوا لەگەڵ دوانزەکەدا هات. [18]کاتێک ئەوان پاڵیان دایەوە بۆ نان خواردن، یەشوا فەرمووی: « ڕاستیتان پێدەڵێم: یەکێک لە ئێوە بە گرتنم دەدات، ئەوەیە ئێستا لەگەڵمدا نان دەخوات». [19]خەم دایگرتن، و پاشان یەک لەدوای یەک پرسیاریان لێدەکرد: «ئایا منم؟»[20]بەڵام وەڵامی دایەوە و پێی فەرموون: «ئەو یەکێکە لە دوانزەکە، و ئەویش لەگەڵم دەستی لەناو قاپەکەدایە. [21]ڕۆڵەی مرۆڤ دەبێت وەک ئەوەی لەبارەیەوە نووسراوە ڕوودات، بەڵام هاوار بە ئەو کەسەی کە بە دەستی ئەو ڕۆڵەی مرۆڤ بەگرتن دەدرێت. بۆ ئەو پیاوە باشتر بوو کە لەدایک نەبووایە!»[22]کاتێک نانیان دەخوارد، یەشوا نانێکی هەڵگرت، و بەرەکەتداری کرد، و شکاندی، و پێیدان و فەرمووی: «وەریبگرن: ئەمە جەستەی منە». [23]ئینجا جامێکی هەڵگرت، و سوپاسی کرد، و پێیدان، و هەموو لێیان خواردەوە، [24]پێی فەرموون: «ئەمە خوێنی منە کە بۆ پەیمانی نوێیە، کە لە پێناو زۆرینەدا دەڕێژرێت. [25]ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئیترهەرگیز لەم بەرهەمی ترێیە ناخۆمەوە، تا ئەو ڕۆژەی بە تازەیی لە شانشینی خودا دەیخۆمەوە».[26]ئینجا پەسنییان گوت ، و چوونە دەرەوە بۆ چیای زەیتوون. [27]یەشوا پێی فەرموون: «لە هەمووتان بەگومان دەبن، چونکە نووسراوە: لە شوانەکە دەدەم، مەڕەکان پەرتەوازە دەبن.[28]بەڵام دوای هەستانەوەم، پێشتان دەکەوم بۆ گەلیلی». [29]بەڵام پەترۆ پێی گوت: «ئەگەر هەمووان گومانت لێ بکەن، من هەرگیز گومان ناکەم».[30]یەشوا پێی فەرموو: «ڕاستیت پێدەڵێم: تۆ ئەمڕۆ، هەر ئەمشەو، پێش ئەوەی دوو جار کەڵەشێر بخوێنێت، سێ جار نکۆڵی لە ناسینی من دەکەیت». [31]بەڵام پەترۆ زیاتر پێداگری کرد و گوتی: «ئەگەر لەگەڵیشت بمرم، نکۆڵیت لێ ناکەم!» هەموو وایان گوت.[32]پاشان چوونە باخێک پێی دەگوترا گێتسیمانی، بە قوتابییەکانی فەرموو: «لێرە دانیشن تاکو نزادەکەم ». [33]ئەوسا پەترۆ و یاکوڤ و یوخەنای لەگەڵ خۆی برد، هەستی بە دڵگرانی و دڵ تەنگی دەکرد. [34]پێی فەرموون: «زۆردڵتەنگم خەریکە بمرم. لێرە بمێننەوە و بە ئاگا بن».[35]کەمێک دوور کەوتەوە، بەسەر ڕوودا کەوت، نزای کرد تاکو ئەگەر بکرێت کاتەکەی بەسەردا تێبپەڕێت. [36]فەرمووی: «بابە! باوکە، هەموو شتێک لە توانای تۆدا هەیە. ئەم جامەم لێ دوور بخەرەوە، بەڵام نەک ئەوەی من دەمەوێت، بەڵکو ئەوەی تۆ دەتەوێت!»[37]گەڕایەوە بینی قوتابیەکانی نوستوون، بە پەترۆی فەرموو: « ئایا تو خەوتویت شیمۆن؟ نەتتوانی کاتژمێرێک بەئاگابیت؟ [38]بە ئاگابن و نزا بکەن، تاکو نەکەونە ناو تاقیکردنەوە. گیان چالاکە، بەڵام جەستە لاوازە». [39]پاشان ڕۆیشت دووبارە نزای کرد، هەمان وشەکانی دووبارە دەکردەوە.[40]کاتێک هاتەوە، دیسان بینی نووستون چونکە خەو چاوەکانیانی قورس کردبوو، نەیاندەزانی چۆن وەڵامی بدەنەوە. [41]سێیەم جار گەڕایەوە پێی فەرموون: «ئێستا بخەون و پشوو بدەن. ئەوەندە بەسە! کاتەکە هاتووە. ئەوەتا ڕۆڵەی مرۆڤ ڕادەستی گوناهباران دەکرێت. [42]هەستن با بڕۆین. ئەوەتا نزیکە ئەوەی ڕادەستم دەکات!»[43]هەرلەو کاتەدا، هێشتا قسەی دەکرد، یەهودا گەیشت، کە یەکێک بوو لە دوازدەکە ، لەگەڵ جەماوەرێکی زۆر کە شمشێر و داریان هەڵگرتبوو، لەلایەن سەرۆک کاهینەکان و مامۆستایانی تەورات و پیرانەوە نێردرابوون. [44]ئەوەی بە گرتی دەدا نیشانەیەکی پێدابوون گوتبووی: «ئەوکەسەی ماچی دەکەم، ئەوە خۆیەتی. دەستگیری بکەن و بە وریاییەوە بیبەن». [45]کاتێک یەهودا گەیشت، چوو بۆ لای، گوتی: «گەورەم!» بە گەرمی ماچی کرد. [46]دەستگیریان کرد و بردیان.[47]یەکێک لەوانەی لەوێ وەستابوو، شمشێرەکەی دەرهێنا و لە خزمەتکاری سەرۆک کاهینەکەی دا و گوێی بڕی. [48]یەشوا پێی فەرموون: «ئایا من جەردەم کە بە شمشێر و دارەوە هاتوون بمگرن؟ [49]من هەموو ڕۆژێک لە نێو ئێوەدا بووم و فێرکردنم دەکرد لە پەرستگادا، ئێوە نەتانگرتم. بەڵام ئەمە ڕودەدات بۆ ئەوەی کە نووسراوە بێتە دی». [50]پاشان هەموویان جێیانهێشت و هەڵاتن.[51]گەنجێک دوای یەشوا کەوت کە تەنها بە پارچە کەتانێک ڕووتییەکەی داپۆشیبوو، کاتێک گرتیان. [52]کەتانەکەی بەجێهێشت و بە ڕووتی هەڵات.[53]یەشوایان بردە لای سەرۆک کاهینەکان. هەموو سەرۆکی کاهینان و پیران و مامۆستایانی تەورات کۆبوونەوە. [54]پەترۆ لە دوورەوە بەدوایدا ڕۆیشت بۆ ماڵی سەرۆک کاهین، پاشان چووە ژوورەوە، و لەلای پاسەوانەکان لەبەردەم ئاگرەکە دانیشتوو خۆی گەرم دەکردەوە.[55]سەرۆک کاهینەکان و هەموو ئەنجومەنی باڵا بەدوای شایەتحاڵێکدا دەگەڕان بۆ ئەوەی یەشوا بکوژن، بەڵام نەیاندۆزییەوە. [56]زۆرێک شایەتی درۆیان لە دژی دەدا، بەڵام شایەتییەکانیان یەکی نەدەگرتەوە.[57]پاشان هەندێکیان هەستان و شایەتی درۆیان لە دژی دا و گوتیان: [58]«گوێمان لێی بوو دەیگوت: ئەم پەرستگایە دەستکردە دەپڕووخێنم، بە سێ ڕۆژپەرستگایەکی دیکە بنیاد دەنێم کە دەستکردی مرۆڤ نەبێت». [59]بەڵام لەمەشدا، شایەتییەکەیان یەکی نەدەگرتەوە.[60]سەرۆکی کاهینانیش لە ناوەڕاست ڕاوەستا و لەیەشوای پرسی: «هیچ وەڵام نادەیتەوە؟ ئەوانە بەچی شایەتیت لەسەر دەدەن؟» [61]بەڵام بێدەنگ مایەوە و هیچ وەڵامی نەدایەوە. دیسان سەرۆکی کاهینان لێی پرسی، و پێی گوت: «ئایا تۆمەسیحەکەی، ڕوڵە پیرۆزەکە؟» [62]یەشوا فەرمووی: «من ئەوم. لە داهاتووش دەبینن ڕۆڵە مرۆڤ لە ڕاستەی تواناداری دادەنیشێت، و بەسەر هەوری ئاسمانەوە دێت!»[63]سەرۆکی کاهینان جلەکانی خۆی دادڕی، و گوتی: «چیتر پێویستمان بە شایەتحاڵ نییە. [64]ئێوەش گوێتان لە کوفرەکە بوو: ڕاتان چییە؟» هەموو بڕیاریان دا کە شایانی مردنە. [65]هەندێکیان تفیان لە روی کرد، دەم و چاویان داپۆشی و بە مست لێیان دەدا پێیان دەگوت: «پێشبینی بکە!» پاسەوانەکانیش گرتییان و لێیاندا.[66]کاتێک پەترۆ لە حەوشەکەدا بوو، یەکێک لە خزمەتکارەکانی سەرۆک کاهینەکان هات، [67]پەترۆی بینی خۆی گەرم دەکاتەوە، تێیڕوانی و گوتی: «تۆش لەگەڵ یەشوای ناسیرەیی بوویت!» [68]بەڵام پەترۆ نکۆڵیی

 generated on Wed Jul 9 14:57:49 2025

کرد و گوتی: «نازانم وتێناگەم چی دەڵێیت!» پاشان چووە دەرەوەی دەرگای ماڵەکە. ئینجا کەڵەشێر خوێندی[69]خزمەتکارەکە جارێکی تر بینییەوە،
بەو کەسانەی گوت کە لەوێ وەستابوون : «ئەمە یەکێکە لەوانە!» [70]دیسان نکۆڵیی کرد. پاش کەمێک بەهەمان شێوە، ئەوانەی لەوێدا
ڕاوەستابوون، بە پەترۆیان گوت: «بەڕاستی تۆ یەکێکیت لەوان، چونکە تۆش گەلیلیت».[71]دەستی کرد بە نەفرەتکردن و سوێندخواردن : «من
ئەم پیاوە ناناسم کە باسی دەکەیت». [72]کەڵەشێر بۆ دووەم جار خوێندی پەترۆش قسەکەی یەشوای بیرکەوتەوە کە پێی فەرمووبوو: «پێش
ئەوەی دوو جار کەڵەشێر بخوێنێت، سێ جار نکۆڵیم لێ دەکەیت». لە ئەو کاتەدا بیری کەوتەوەو گریا.

## 15

[1]کە بەیانی هات، سەرۆک کاهینەکان و پیرەکان و مامۆستایانی تەورات و هەموو ئەنجومەنی باڵا ڕاوێژیان کرد، پاشان یەشوایان بەستەوە، و
بردیان، و ڕادەستی پیلاتۆسیان کرد. [2]پیلاتۆس لێی پرسی: «تۆ پاشای یەهودی؟» یەشوا وەڵامی دایەوە: «خۆت گوتت». [3]سەرۆک کاهینەکان
تۆمەتی زۆریان دایە پاڵی.[4]پیلاتۆس دووبارە پرسیاری لێکرد:«ئایا هیچ وەڵام نادەیتەوە؟ دەبینی ئەوانە شایەتیت لەسەر ئەدەن!» [5]بەڵام یەشوا هیچ
وەڵامێکی نەدایەوە، و پیلاتۆسیش بەمە سەرسام بوو.[6]نەریت وابوو لە هەر جەژنێکدا بەندکراوێک بە خواستی خەڵک ئازاد بکریت. [7]پیاوێک بە ناوی
بارابا لەگەڵ یاخیبووان بە تاوانی کوشتن و ئاژاوە گێڕی لە زیندان بوو [8]جەماوەر بە دەنگی بەرز داوایان لە پیلاتۆس کرد ئەو شتەیان بۆ بکات کە
هەمیشە ئەیکرد.[9]ئینجا پیلاتۆس قسەی لەگەڵ کردن و لێی پرسین: «دەتانەوێ پاشای یەهودتان بۆ ئازاد بکەم؟» [10]دەیزانی کە سەرۆک کاهینەکان
لەبەر ئیرەیی ڕادەستیان کردووە. [11]بەڵام سەرۆک کاهینەکان داوایان لە جەماوەرەکە کرد کە داوای ئازادکردنی بارابا بکەن.[12]دیسان پیلاتۆس لێی
پرسین: «ئێوە دەتانەوێت چی لەگەڵ ئەمە بکەم کە پێی دەڵێن پاشای یەهود؟» [13]هاواریان دەکرد جار لە دوای جار: «لە خاچی بدە!»[14]پیلاتۆس
لێی پرسین: «چ خراپەیەکی کردووە؟» بەڵام ئەوان زیاتر و زیاتر هاواریان دەکرد: «لە خاچی بدە!» [15]پیلاتۆسیش دەیویست خەڵکەکە ڕازی
بکات، بۆیە بارابای بۆ ئازاد کردن، لە دوای ئەوەی یەشوا بە قامچی لێی درا ڕادەستی کرد بۆ ئەوەی لە خاچ بدرێت.[16]بۆیە سەربازەکان بردیانە
ناوکۆشکەکە، واتا کۆشکی فەرمانڕەوا و هەموو سەربازانی لەشکریان کۆکردەوە. [17]کەوایەکی ئەرخەوانییان لەبەرکرد، تاجێک لە دڕکیان بۆ
درووست کرد و لە سەر سەری دایاننا. [18]دەستیان کرد بە سڵاو لێکردنی و دەیانگوت: «سڵاو، ئەی پاشای یەهود!»[19]بە قامیش لەسەریان دەدا، و
تفیان لێی دەکرد، چۆکیان دادەدا و لەبەردەمی کڕنۆشیان دەبرد. [20]کاتێک گاڵتەیان پێ کرد، کراسە ئەرخەوانییەکەیان لەبەر داکەند و جلەکەی
خۆیان لەبەرکردەوە و بردیانە دەرەوە بۆ لەخاچدان. [21]یەکێک لە ڕێبوارەکانیان ناچار کرد خاچەکەی هەڵبگرێت، ناوی شیمۆنی قیرەوان بوو، باوکی
ئەسکەندەر و ڕوفوس، ناچاریان کرد خاچەکەی ئەو هەڵبگرێت.[22]بردیان بۆ شوێنێک بەناوی گۆلگۆسا، واتا شوێنی کاسەسەر. [23]شەرابی تێکەڵ بە
تاڵاویان پێدا، بەڵام ڕەتیکردەوە و نەیخواردەوە. [24]پاش ئەوەی لە خاچیان دا جلەکانیان دابەش کرد، تیروپشکیان لەسەر کرد بۆ ئەوەی پشکی هەر
یەکێکیان دیاری بکەن.[25]کاتژمێر نۆی بەیانی بوو کە لە خاچیاندا. [26]ناونیشانی تۆمەتەکەی نووسرابوو: «پاشای یەهود». [27]دوو دزیان لەگەڵدا لە
خاچدا، یەکێکیان لەلای ڕاستی، و یەکێکیان لەلای چەپی. [28]نیشانەکە هاتە دی کە دەڵێت: «لەگەڵ تاوانباران هەژمار دەکرێت».[29]ئەوانەی بەوێدا
تێدەپەڕین جنێویان پێئەدا، و سەریان بادەدا و دەیان گوت: «ئەها دەی! تۆ کە پەرستگاکە وێران دەکەیت و بە سێ ڕۆژ دروستی دەکەیتەوە،
[30]خۆت ڕزگار بکە، و لە خاچەکە دابەزە!»[31]بە هەمان شێوە سەرۆک کاهینەکانیش لەگەڵ مامۆستایانی تەورات گاڵتەیان پێدەکرد و بە یەکتریان
دەگوت: «خەڵکی دیکەی ڕزگار کرد، بەڵام ناتوانێ خۆی ڕزگار بکات. [32]با ئێستا مەسیحی پاشای یەسرائیل لە خاچەکە دابەزێت، تاکو ببینین و
باوەڕ بهێنین!» ئەو دوو دزەش کە لەگەڵیدا لە خاچ درابوون بە هەمان شێوە سەرزەنشتیان دەکرد.[33]لە کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆ، تا کاتژمێر سێی
پاشنیوەڕۆ تاریکی باڵی بەسەر هەموو زەویدا کێشا. [34]لە کاتژمێر سێ، یەشوا بە دەنگێکی مەزن هاواری کرد: «ئیلی، ئیلی، لَمَا شَبَقْتَنِي؟» واتە «
خودای من خودای من، بۆچی بەجێتهێشتم؟» [35]هەندێک لەوانەی لەوێ ڕاوەستابوون گوێیان لێی بوو گوتیان: «ئەوە بانگی ئیلیا دەکات!»[36]یەکێک
ڕایکرد و پارچە ئیسفەنجێکی لە سرکە هەڵکێشا و خستیە سەر قامیشێک و پێیدا تاکو بیخواتەوە، گوتیان: «لێگەڕێن! با بزانین ئیلیا دێت
دایبگرێت!» [37]یەشواش بە دەنگێکی مەزن هاواری کرد، و گیانی دا بەدەستەوە. [38]پەردەی پەرستگاش لە سەرەوە هەتا خوارەوە دادڕا و بوو بە
دوو بەشەوە.[39]لەئەو کاتەدا سەرپەلەکە کە بەرامبەری وەستابوو، بینی کە هاواری کرد وگیانی سپارد، گوتی: «بەڕاستی، ئەم مرۆڤە ڕۆڵەی خودا
بووا!» [40]چەند ژنێک لە دوورەوە سەیریان دەکرد، لەنێوانیاندا میریامی مەگدەلین و میریامی دایکی یاکوڤی برا بچووکی یەشوا و سالومە دەبینران.
[41]ئەمانە لە گەلیلەوە دوای یەشوا کەوتبوون و خزمەتیان دەکرد، زۆری دیکەش لەگەڵی هاتبوونە یۆرشەلایم.[42]کاتێک ئێوارە هات، ئەمڕۆ ڕۆژی خۆ
ئامادەکردن بوو، واتە ڕۆژی پێش شەبات، [43]یۆسپ کە لە ڕاماوە هاتبوو، ئەو ئەندامێکی بەرزی ئەنجومەنی باڵا بوو، ئەویش چاوەڕێی شانشینی
خودای دەکرد، بەبێ ترس چوو بۆ لای پیلاتۆس، و داوای تەرمەکەی یەشوای کرد. [44]پیلاتۆس سەری سوڕما کە مردووە، بۆیە سەرپەلەکەی بانگ
کرد و لێی پرسی: ئایا ماوەیەکی زۆرە مردووە[45]کاتێک لە سەرپەلەکەوە ئەمەی زانی تەرمەکەی دایە یۆسپ. [46]ئەویش کەتانی کڕی تەرمەکەی
هێنایە خوارەوە، ولەناو کەتانەکەدا پێچایەوە، و لە گۆڕێکدا ناشتی کە لە تاشەبەرد هەڵکەندرابوو، ئینجا بەردێکی گلۆر کردەوە سەر دەرگای
گۆڕەکە. [47]میریامی مەگدەلین و میریامی دایکی یەشوا بینییان لەکوێ نێژرا.

## 16

[1]کە ڕۆژی شەبات تەواو بوو، میریامی مەگدەلین و میریامی دایکی یاکوڤ بۆن و بەرامیان کڕی، تاکو بچن و تەرمی یەشوا
چەوربکەن. [2]لە یەکەم ڕۆژی هەفتەدا، بەیانی زوو لەگەڵ خۆرهەڵاتندا هاتنە لای گۆڕەکە.[3]بە یەکتریان دەگوت: «باشە کێ بەردی
سەردەرگای گۆڕەکەمان بۆ گلۆردەکاتەوە؟» [4]بەڵام کە سەیریان کرد بینییان بەردەکە گلۆر کراوەتەوە، هەرچەندە زۆر گەورە بوو.[5]جا چوونە ناو
گۆڕەکە، و لەلای ڕاستەوە گەنجێکیان بینی دانیشتبوو، جلێکی سپی لەبەر بوو، ترس دەستی بەسەردا گرتن. [6]پێی گوتن: «مەترسن. ئێوە بە
شوێن یەشوای ناسیرەییدا دەگەڕێن کە لەخاچدرا. ئەو لێرە نییە. ئەوەتا ئەو شوێنەی لێیان دانابوو. [7]بەڵام بڕۆن و بە
قوتابییەکانی، و بە پەترۆ بڵێن، ئەو پێشتان دەکەوێت بۆ گەلیلی؛ وەک چۆن پێی فەرمووون لەوێ دەیبینن».[8]بۆیە بە خێرایی لە گۆڕەکە چونە
دەرەوە، تۆشی لەرز و سەرسوڕمانێکی زۆربوون. هیچیان بە کەس نەگوت، چونکە دەترسان.[9]دوای ئەوەی یەشوا بەیانی زوو لە یەکەم ڕۆژی
هەفتەدا هەستایەوە، یەکەم جار بۆ میریامی مەگدەلین دەرکەوت ئەوەی حەوت گیانی پیسی لێی دەرکردبوو. [10]بۆیە چوو و مژدەی دا بە ئەو
کەسانە کە لەگەڵیدا بوون، شیوەنیان دەگێڕا و دەگریان. [11]کاتێک بیستیان کە ئەو زیندووە و ئەم کچە بینیویەتی، باوەڕیان نەکرد.[12]پاشان بۆ دوو
کەسی تر بە شێوەیەکی تر دەرکەوت کە لە ڕێگادا بوون بۆ گوندێک. [13]بۆیە چوون و مژدەیان دا بە ئەوانیتر،هەروەها ئەوانیش باوەڕیان پێ
نەکردن.[14]پاشان بۆ یازدە قوتابییەکە دەرکەوت لە کاتێکدا کە پاڵیان دابووەوە ، لەسەر بێباوەڕی و دڵڕەقییان سەرزەنشتی کردن، چونکە باوەڕیان
بەو کەسانە نەدەکرد کە دوای هەستانەوەی بینیویانە. [15]پێی فەرمووون: «بڕۆن بۆ هەموو جیهان، ومژدەی ئەم مزگێنییە بە هەموو بەدیهێنراوان
ڕابگەیەنن: [16]ئەوەی باوەڕ دەهێنێت لە ئاو هەڵدەکێشرێ، ڕزگاری دەبێت، ئەوەش کە باوەڕ ناهێنێ تاوانباردەبێت.[17]ئەوانەی باوەڕ دەهێنن، ئەم
نیشانانەیان لەگەڵ دەبێت: بە ناوی من خێوەکان دەردەکەن ولەگەڵیان بە زمانی نوێ دەدوێن، [18]بە دەستیان مار دەگرن، وە ئەگەر
خواردنەوەیەکی کوشندە بخۆنەوە بە هیچ شێوەیەک زیانیان پێ ناگات، دەست لەسەر نەخۆش دادەنێن و چاکدەبنەوە».[19]پاشان پەروەردگار، دوای


generated on Wed Jul 9 14:57:49 2025

ئەوەی قسەی لەگەڵ کردن، بۆ ئاسمان بەرزبۆوە و لە ڕاستەی خودا دانیشت. [20]ئینجا ئەوانیش، لە هەموو لایەک مزگێنیاندا، پەروەردگار لەگەڵیان
کاری دەکرد و بە نیشانە ودەرکەوتنی تایبەت بەخۆی وشەکەی پشتڕاست دەکردوە.


generated on Wed Jul 9 14:57:49 2025